# الأبعاد الاجتماعية في المجتمع المصري القديم من خلال قصة (الأخوين) في عصر الدولة الحديثة (١٥٦٩–١٠٨١) ق.م

**شاكر رضا أحمد**

**قسم تقنيات الاعلام، المعهد التقني الإداري أربيل، جامعة أربيل التقنية، أربيل، العراق**

Shakir.ahmed@epu.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: باتا، انوبيس، المجتمع، البعد، مصر.

**كيفية اقتباس البحث**

أحمد ، شاكر رضا ، الأبعاد الاجتماعية في المجتمع المصري القديم من خلال قصة (الأخوين) في عصر الدولة الحديثة (١٥٦٩–١٠٨١) ق.م،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦، المجلد:١٦ ،العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# الأبعاد الاجتماعية في المجتمع المصري القديم من خلال قصة (الأخوين) في عصر الدولة الحديثة (١٥٦٩–١٠٨١) ق.م

The Social Dimensions of Ancient Egyptian Society through the Story of ((The Two Brothers) in the New Kingdom Period (1569–1081 BC

Shakir Ridha Ahmed
Media Technic Department, Erbil Technical Administrative Institute, Erbil Polytechnic University, Erbil, Iraq
Shakir.ahmed@epu.edu.iq

**Keywords** : Bata, Anubis, Society, Dimension, Egypt.

**How To Cite This Article**
Ahmed ، Shakir Ridha ،The Social Dimensions of Ancient Egyptian Society through the Story of (The Two Brothers) in the New Kingdom Period (1569–1081 BC) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

This study aims to analyze the social dimensions of ancient Egyptian society through the story of *The Two Brothers* in the New Kingdom period (1569–1081 BCE). It seeks to demonstrate the values and social relations embodied in this literary text in order to provide a clearer picture of life and social structures in ancient Egypt during the period under investigation. The central research problem lies in how this story can serve as a mirror of ancient Egyptian society, allowing for the exploration of its various social aspects.

By employing the historical descriptive-analytical method, the research concludes that the story of *The Two Brothers*, through its unfolding events, reveals social values, the status of the family, class distinctions, the nature of familial relations, social justice, reward and punishment on one hand, and the significance of the economy as well as

the interplay between religion and administration in ancient Egyptian society on the other. In conclusion, this literary text can be considered an important source for understanding the social dimensions of ancient Egyptian society. This research is divided into two main parts. The first part is more about surveying the story, discussing and introducing the history of the story, how it came to us and the material on which the story is recorded Alongside the written language and its current place of preservation, as well as the content and text of the story itself, in the second part we will focus on the historical analysis of the social dimensions of the events in the story in terms of relationships Social and family, justice, gender treatment, economic and agricultural status, with the relationship of religion and politics to the social aspects of ancient Egyptian society during the new state.

**الملخص**

تهدف هذه الدراسة إلى تحليل الأبعاد الاجتماعية في المجتمع المصري القديم من خلال قصة "الأخوين" في عصر الدولة الحديثة (١٥٦٩ – ١٠٨١ ق.م). وتسعى إلى تسليط الضوء على القيم والعلاقات الاجتماعية التي تجسدت في هذا النص الأدبي، بغية تقديم صورة أوضح عن الحياة والبنى الاجتماعية في مصر القديمة خلال الفترة المدروسة. وتتمثل إشكالية البحث في كيفية انعكاس هذه القصة كمرآة للمجتمع المصري القديم، بحيث يمكن من خلالها استقراء مختلف الأبعاد الاجتماعية.

وبالاعتماد على المنهج التاريخي الوصفي التحليلي، توصل البحث إلى أن قصة "الأخوين" تكشف من خلال أحداثها عن القيم الاجتماعية، مكانة الأسرة، الفوارق الطبقية، طبيعة العلاقات الأسرية، العدالة الاجتماعية، الثواب والعقاب، من جهة، وأهمية الاقتصاد والعلاقة بين الدين والإدارة في المجتمع المصري القديم، من جهة أخرى. وفي الختام يمكن القول إن هذا النص الأدبي يعد مصدرا مهما لفهم الأبعاد الاجتماعية في المجتمع المصري القديم. ينقسم هذا البحث إلى جزأين رئيسيين. يتناول الجزء الأول استعراض القصة، ومناقشة تاريخها، وكيفية وصولها إلينا، والمواد التي دُوّنت عليها. إلى جانب اللغة المكتوبة ومكان حفظها الحالي، ومضمون القصة ونصها، سنركز في الجزء الثاني على التحليل التاريخي للأبعاد الاجتماعية

لأحداث القصة، من حيث العلاقات الاجتماعية والأسرية، والعدالة، والمعاملة بين الجنسين، والوضع الاقتصادي والزراعي، وعلاقة الدين والسياسة بالجوانب الاجتماعية للمجتمع المصري القديم خلال عصر الدولة الحديثة.

## ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی میسری کۆن لە ڕوانگەی چیرۆکی (دوو برا) لە سەردەمی دەوڵەتی نوێ 1569 – 1081 پ.ز

**م. شاكر رضا أحمد**

**بەشی تەکنیکی میدیا، پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، عێراق**

shakir.ahmed@epu.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوە دەربارەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی میسری کۆن لە ڕوانگەی چیرۆکی (دوو برا) لە سەردەمی دەوڵەتی نوێ ١٥٦٩ – ١٠٨١ پ.ز، بریتییە لە هەوڵێك بۆ شیکردنەوەی ئەو بەها و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییانەی، کە لەناو ئەم دەقە ئەدەبیەدا نیشان دراون، بۆ ئەوەی دیمەنێکی ڕوونتری ژیان و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی میسری کۆن لە ماوەی تەرخانکراوی توێژینەوەکە ببینین، گرفتی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە چۆن ئەم چیرۆکە دەتوانێت ببێتە ئاوێنەیەکی کۆمەڵگەی میسری کۆن تا لەوێوە هەموو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان ببینین.

بە پشت بەستن بە ڕێبازی مێژوویی وەسفی شیکاری، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە چیرۆکی دوو برا لە شیکردنەوەی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە بە شێوەیەکی دیار ئاشنامان دەکات بە بەها کۆمەڵایەتییەکان، پێگەی خێزان، جیاوازی ڕەگەزی، پتەوی پەیوەندی خێزان، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، پاداشت و سزا، ئەمە لەلایەك، گرنگی ئابووری و پەیوەندی نێوان ئایین و ڕامیاری بە کۆمەڵگەی میسری کۆن لەلایەکی دیکە، لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، کە ئەم چیرۆکە ئەدەبیە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی میسری کۆن.

کلیلی ووشەکان: باتا، انوبیس، کۆمەڵگە، ڕەهەند، میسر

### ١. پێشەکی

### ١.١ گرنگی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی میسری کۆن بە هەموو تایبەتمەندیەکانییەوە یەکێکە لەو کۆمەڵگە مرۆییانەی، کە پێویستی بە توێژینەوە و بەدواداچوونی زیاتر هەیە، چونکە شارستانییەتێکی دەوڵەمەندی هەیە و ئەم شارستانییەتە بە توێژینەوە و شیکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی دەتوانین نهێنییەکانی زیاتر بەدەربخەین، بۆیە پێویست دەکات لە گۆشە جیاوازەکانەوە سەیری کۆمەڵگەکە بکرێت و هەموو ڕەهەند و گۆشەکانی لەبەر چاو بگیرێت تا زانیاری زیاتری لێ بەرهەم بهێنرێت.

یەکێك لەو ئامراز و گۆشە تێروانینانەی، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانین زانیاری و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی میسری کۆن بە دەست بهێنین و بەرجەستەی بکەین بریتییە لە ئەدەب، بە هەردوو جۆری چیرۆك و هۆنراوە، ئێمە لە گۆشەی چیرۆکەوە سەیری بابەتەکە دەکەین، بەو پێیەی، کە هەمیشە چیرۆك ڕەنگدانەوەی هەموو داب و نەریت و بنەماکانی کۆمەڵگەیەکە، چیرۆکەکان هەڵقوڵاوی ناخ و قوڵایی کۆمەڵگەن و لە ڕێگەی چیرۆکەوە دەتوانین پەی بە زۆربەی نهێنی و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە مرۆییەکان بکەین.

کۆمەڵگەی میسری کۆنیش یەکێکە لەو کۆمەڵگە مرۆییانەی، کە چیرۆکی زۆری ئەدەبی تیادایە و بناغە و بنەمای چیرۆکەکان ڕەنگدانەوە و بەرهەمی بیر و ئایدۆلۆژی کۆمەڵگەکەن، کەواتە دەتوانین لە ڕێگەی چیرۆکەوە ناسنامە و داب و نەریتی کۆمەڵگەی میسری ببینین، چیرۆکی دوو برا، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی نوێ لە میسری کۆندا ١٥٦٩ – ١٠٨١ پ.ز، یەکێکە لەو چیرۆکە کۆمەڵایەتییانەی، کە ڕەنگرێژی کۆمەڵگەی میسری ئەوکاتمان بۆ دەکات و دەتوانین لە چوار چێوەی چیرۆکەکەدا پەی ببەین بە ڕەهەندە باوەکان و جێبەجێکراوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە و ئاشنا بین بە ڕەهەند و بنەما کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە ئەم چیرۆکە کلیلی ئاشنا بوونە بە ناسینی کۆمەڵگەی میسری و ناسنامەیە بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی میسری سەردەمی دەوڵەتی نوێ.

**١.٢ گرفتی توێژینەوە:**گرفتی توێژینەوە و پرسیارەکانی توێژینەوە هەر ئەوەیە، کە ئایا کۆمەڵگەی میسری کۆن لە سەردەمی دەوڵەتی نوێ ١٥٦٩ – ١٠٨١ پ.ز، چۆن سەیری ڕەهەندی ڕەگەزی کردوە؟ چۆن مامەڵەی لەگەڵ هەردوو ڕەگەز کردوە؟ دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە چ ئاستێکدا بووە؟ پەیوەندی خێزانییەکان چەند گرنگ بوونە؟ ئایا لایەنی ئابووری لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری چەند گرنگ بووە لە کۆمەڵگە؟ ئایا ئایین و خواوەندەکان ڕۆڵیان هەبووە لە چەسپاندنی دادپەروەری؟ سزا و پاداشت تا چەند پەیرەو کراوە لەم کۆمەڵگەیەدا؟ چ پەیوەندیەك هەیە لەنێوان لایەنی ڕامیاری و کۆمەڵگە؟ چینایەتی جێگیر بووە یان توانای گۆڕانکاری هەبووە لە چینێکەوە بۆ چێنێکی دیکە؟ ئەمانە گرفت و پرسیاری توێژینەوەکەن.

**١.٣ ڕێباز و ئامانجی توێژینەوە:**بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە و چارەسەری گرفتی توێژینەوەکەمان پشتمان بە ڕێبازی مێژوویی وەسفی شیکاری بەستووە، کە تیایدا هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی پشت بەستن بە تۆمارە مێژووییەکە و ڕووپێوی چیرۆکەکەوە پەی ببەین بە ڕەهەندە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

کۆمەڵایەتییە جێبەجێکراوەکان و بیخەینە بەر دید، خوێندنەوە و شیکردنەوەی بۆ بکەین بە پێی ڕووداوە تۆمار کراوەکانی ناو چیرۆکەکە، کە دەبێتە هەوێنی وەڵامی پرسیارەکان و چارەسەرکردنی گرفتی توێژینەوەکە.

**١.٤ پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە دابەش دەبێت بۆ دوو بەشی سەرەکی، لە بەشی یەکەمدا زیاتر ڕووپێوانی چیرۆکەکەیە، لە باسکردن و ناساندنی مێژووی چیرۆکەکە و چۆنیەتی گەیشتنە دەستمان و ئەو کەرەستەیەی، کە چیرۆکەکەی لەسەر تۆمار کراوە شانبەشانی زمانی نووسین و شوێنی پاراستنی ئێستای، لەگەڵ خودی ناوەڕۆك و دەقی چیرۆکەکە، لە بەشی دووەمدا تیشك دەخەینە سەر شیکاری مێژوویی بۆ ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە لە ڕووی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و خێزان، داد‌پەروەریی، شێوازی مامەڵەی ڕەگەزیی، پێگەی ئابووری و کشتوکاڵ، لەگەڵ پەیوەندی ئایین و ڕامیاری بە لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی میسری کۆن لە سەردەمی دەوڵەتی نوێ.

**١.٥ سنووری توێژینەوە:** سنووری کاتی و جوگرافی ئەم توێژینەوەیە دیاریکراوە، سەبارەت بە سنووری کاتی، ئەوا دەکەوێتە سەردەمی دەوڵەتی نوێ لە میسری کۆن، کە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەم سەردەمە بریتییە لە ١٥٦٩ – ١٠٨١ پ.ز، ئەم سەردەمەش سەردەمی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی هەژدە و نۆزدە و بیستەم دەگرێتەوە، ئەم چیرۆکە دەکەوێتە سەردەمی بنەماڵەی نۆزدەی فەرمانڕەوایی ١٣١٥ _ ١٢٠١ پ.ز، سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشا سیتی دووەم ١٢٢١ _ ١٢١٥ پ.ز. سنووری جوگرافی توێژینەوەکەش وڵاتی میسرە.

**١.٦ سەرچاوەکانی توێژینەوە:**

بێگومان بنچینەی هەموو توێژینەوەیەکی زانستی بریتیە لە سەرچاوە، ئێمە بۆ ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر بە زمانە جیاوازەکان بەستوە، لەوانە کتێبەکەی (د. سليم حسن) بە ناوی (موسوعة مصر القديمة)، کە لە بنەڕەتدا ئەم کتێبە یەکێکە لە شاکارەکانی نووسەرە میسرییەکان و لە (١٨) بەرگ پێکهاتووە، ئێمە سوودمان لە بەرگی (١٧) وەرگرتوە، کە تایبەتە بە بابەتی ئەدەب، هەروەها کتێبەکەی (جاستون ماسبيرو) بە ناونیشانی (حكايات شعبية فرعونية)، شانبەشانی کتێبەکەی (كلير لالويت) لە ژێر ناوی (نصوص مقدسة و نصوص دنيوية من مصر القديمة)، لە سەرچاوە بیانییەکانیش بە زمانی ئینگلیزی سوودمان لە توێژینەوەکەی (Miriam Lichtheim) بینیوە بە ناونیشانی (Ancient Egyptian Literature)، لەگەڵ کتێبەکەی (Adolf Erman) بە ناونیشانی (Life in Ancient Egypt)، لەگەڵ چەندین سەرچاوەی دیکە بە زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی.

لە کۆتاییدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەم توێژینەوەیە بەرهەمی دەستی مرۆڤە و هەرگیز خاڵی نییە لە هەڵە و کەموکوڕی و ناتەواوی، چونکە ئەوەی کە هەڵە و کەموکوڕی نیە، تەنها خوای باڵا دەستی جیهانییانە.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

## ٢. ڕەهەندی مێژوویی و ناوەڕۆك و دەقی چیرۆکی دوو برا

### ٢.١ مێژووی چیرۆکی دوو برا

ئەدەب بە گشتی و چیرۆك بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی میسری کۆندا بەها و گرنگی خۆی هەبوو، ڕێگەیەك بوو بۆ گەیاندنی پەیام بۆ کۆمەڵگەی میسری تا لەوێوە کاریگەری دروست بکات و ببێتە هۆی پەرەپێدان و پاراستنی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان، کە زامنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکات، چیرۆکی (دوو برا)، چیرۆکێکی کۆمەڵایەتی تایبەتە بە کۆمەڵگەی کۆنی میسر، باس لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیی و خێزانیی نێوان دوو برا دەکات، بە ناوەکانی انوبیس برای گەورە و باتا برای بچووك، مێژووی ئەم چیرۆکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی نوێ لە میسری کۆندا ١٥٦٩ – ١٠٨١ پ.ز (سليم و عبداللطيف، ٢٠٠٨، ٢١١)، ئەم سەردەمەش سەردەمی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی هەژدە و نۆدە و بیستەم دەگرێتەوە، بە دیاریکراویش ئەم چیرۆکە لە سەردەمی بنەماڵەی نۆزدە ١٣١٥ – ١٢٠١ پ.ز و کۆتاییەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشا سیتی دووەم ١٢٢١ – ١٢١٥ پ.ز سەریهەڵداوە و نووسراوەتەوە(سليم و عبداللطيف، ٢٠٠٨، ٢١١)، لە بنەڕەتدا چیرۆکەکە بە شێوازی نووسینی هیراتیقی نووسراوە لەسەر کاغەزێکی بەردی (پاپیرۆس)، نووسەری چیرۆکەکەش ناوی (ئینێنا) (Ennana)یە(Lichtheim, 1976, 203).

ئەم چیرۆکە لەسەر کاغەزێکی بەردی (پاپیرۆس)ێک نووسراوە، کە بە پاپیرۆسی ئۆربینی"Papyrus D'Orbiney" ناسراوە. ئەم پاپیرۆسەش یەکێکە لە پارێزراوترین دەقە ئەدەبییەکان و هیچ پارچەیەکی لێ ون نەبووە و بە تەواوی لەبەر دەستە، ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانی لە لەندەن لە ژێر پارێزبەندی ژمارەی تۆمار (Inventory No): EA 10183. پارێزراوە، کۆی چیرۆکەکە لە ١٩ لاپەڕەی دەقی هیراتیقی پێکهاتووە (Quirke and Spencer, 2006, 142).

هۆکاری ناونانی ئەم کاغەزی بەردیە بە ناوی ئۆربینی خۆی چیرۆکێکە، چونکە ئەم کاغەزی بەردیە لە ساڵی ١٨٥٢ ز لەلایەن خاتوونێك بە ناوی ئێلیزابێت دی ئۆربینی (Elizabeth D'Orbiney) کڕدرا، دواتر مۆزەخانەی بەریتانی هەڵسا بە کڕینەوەی ئەم کاغەزی بەردیە لە ساڵی ١٨٥٧ ز. ئیتر لێرەوە چیرۆکەکە بۆ یەکەمجار گەیشتە دەست زانا و توێژەرانی ڕۆژئاوا و لەوێوە گەیشتە وێستگە زانستی و ئەکادیمییەکانی جیهان و خوێندنەوەی بۆ کرا و بڵاوکراوە(Birch, 1860, 9). بڕوانە بەشێك لە وێنە ڕەسەنەکەی پاپیرۆسی چیرۆکی دوو برا لە پاشکۆی ئەم توێژینەوەیە، کە لە سایتی فەرمی مۆزەخانەی بەریتانی وەرگیراوە.

یەکەم توێژەریش سیر ئالن جاردنر بوو، کە ئەم چیرۆکەی لە شێوازی نووسینی هیرۆگلیفی و شێوازی نووسینی هیراتیقی وەرگێڕا، دوای ئەو ئینجا زانا میسرناسەکانی دیکە سوودیان لەو چیرۆکە بینی و وەرگێڕدرا بۆ زمانە جیهانییەکان، چەندین وەرگێڕانی بە زمانی عەرەبیش بۆ کراوە، بە شێوازی تەواوی و کورتکراوە و پچڕ پچڕ( الماجدي، ٢٠٢٠، ٣٧٨).

### ٢.٢ ناوەڕۆك و دەقی چیرۆکی دوو برا

سەبارەت بە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە، ئەوا لەبەر گرنگی بابەتەکە، وەرگێرانی تەواویی بۆ دەکەین بە ڕەسەنیی دەقەکە وەك خۆی، کە لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا کۆمان کردیتەوە و بەم شێوازە دەست پێدەکات: (باس لەوە دەکات جارێك دوو برا هەبوون لە هەمان دایك و باوك، گەورەکەیان ناوی انوبیس و بچووکەکە ناوی باتا بوو، انوبیس خانوو و خێزانی هەبوو. هەرچی براکەی بوو ئەوا لەگەڵی دەژیا وەك خزمەتکار. لەسەری بوو کە جل و بەرگ دروست بکات و شوانکارەیی بکات لە کێڵگەکەیان، هەروەها هەڵسێ بە کاری جووتیاری. هەموو کاری کێڵگەکەی دەکرد لەبەر ئەوەی کرێکارێکی کارامە بوو لە هەموو زەویدا وێنەی نەبوو(ماسبیرو، ٢٠٠٨، ٨٤-٨٥). دوای چەند ڕۆژێك برا بچووکەکە وەك ئەرکی هەمیشەیی خۆی دەچووە گاوانیەکەی لە بەیانیان و ئێوارانیش بە دەستی پڕ شیر و گژوگیا دەگەڕایەوە ماڵی براکەی و دەیدا دەستی براکەی بۆ ئەوەی لێی ڕازی بێت، کە لە ماڵەوە دانیشتوە لە تەنیشت خێزانەکەی ... ئەو دەیخوارد و دەیخواردەوە دواتریش لە تەوێڵەکە دەخەوت، بۆ ئەوەی پاسەوانی لە گاڕانەکەی بکات. کاتێك زەوی ڕووناك دەبووەوە و ڕۆژێکی نوێ دەستی پێدەکرد، دوای ئەوەی نانی ئامادە دەکرد و دایدەنا لەبەردەم برا گەورەکەی. ئینجا کەمێك نانی هەڵدەگرت لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆ کێلگە. گاوانی گاڕانەکەی دەکرد بۆ ئەوەی لە کێڵگەکە بلەوەڕێن، کاتێك لە دوای گاڕانەکەی دەڕۆیشت گاڕانەکە دەیانگووت: گژوگیای فلان شوێن زۆر باشە. گوێی لە هەموو ئەوانە دەبوو، کە دەیانگووت. بۆیە گاڕانەکەی دەبردە ئەو شوێنەی، کە خۆیان دەیانویست ... بۆیە هەردەم گاڕانەکەی قەڵەو و پڕ بەرهەم بوون(حسن، ٢٠٠٠، ٩١-٩٢).

کاتێك وەرزی داچاندن هاتە پێشەوە، برای گەورە گووتی: گالیسکە و عەرەبانەکەمان بە کەل و پەل و پێداویستیەکانەوە ئامادە بکە بۆ کاری داچاندن. ئێستا زەویەکانمان لە ئاوەکەدا داچۆڕاون. بۆیە گونجاوە بۆ داچاندن. دەچینە سەر کێڵگەکەمان و تووی پێویستمان پێ دەبێ. سبەی بەیانیەکەی دەست بە کاری کێڵان و داچاندن دەکەین. ئەوە بوو برا گەورەکە گووتی تا ئەنجامی بدەن. کاتێك زەوی ڕووناك بۆوە و ڕۆژێکی نوێ دەستی پێکرد، بە گالیسکەکەیان، کە گایە قۆچدارەکان ڕایاندەکێشا چوون بۆ کێڵگەکەیان. دەستیان بە کێڵان کرد و زۆر دڵخۆش بوون بە کارەکەیان و دەستیان لێ هەڵنەدەگرت. دوای چەند ڕۆژێك کاتێك چوون بەرەو کێڵگەکە و دەستیان بە کێلانی زەوی کرد، لێرە برا گەورەکە پەلەی لە برا بچووکەکە کرد و پێی گووت: بڕۆ لە گوندەکەمان دانەوێڵەی داچاندنەکە بهێنە! برا بچووکەکە کاتێك گەڕاوە گوند خێزانی برا گەورەکەی بینی قژی دادەهێنا. پێی گووت بوەستە لە قژ داهێنان و بڕی پێویست دانەوێڵەم بدێ بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە کێڵگەکەمان، لەبەر ئەوەی برا گەورەکەم کاتێك منی نارد پێمی گووت هەرگیز دوا نەکەویت. براژنەکەی پێی گوت: بڕۆ کۆگاکە بکەوە، ئەوەی پێویستتە ببە با منیش قژ داهێنانەکەم لێ تێك نەچێت. گەنجەکە چووە کۆگاکە و کوپەیەکی گەورەی ڕاکێشا، کە مەبەستی بوو دانەوێڵەیەکی زۆر لە گەنم و جۆ بخاتە سەر شانی و بە خێرایی بۆی دەرچێت(ماسبیرو، ٢٠٠٨، ٨٦).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

براژنەکەی پێی گووت: دەتوانی چەند بخەیتە سەر شانت؟ وەڵامی دایەوە: دەتوانم سێ بار جۆ و پێنج بار گەنم بخەمە سەر شانم واتا هەشت بار. لێرە براژنەکە پێی گووت: هەرگیز، ئەمە پاڵەوانیەتیەکی گەورەیە. من ڕۆژانە تێبینی هێز و بازووی تۆ دەکەم. دڵی ئافرەتەکە بۆ هەستی سۆزداری هەنگاوینا و پێی گووت: وەرە با لەگەڵ یەکتر کاتێکی خۆش بەسەر ببەین و بۆ کاتژمێرێك بەیەکەوە بخەوین، ئەوەش لە بەختی تۆیە، لەبەر ئەوەی جل و بەرگی جوانیشت بۆ دروست دەکەم. کوڕەکە وەك پڵنگ هاواری کرد و براژنەکەی ترسا، پێی گووت: گوێ بگرە تۆ لە شوێنی دایکمی و هاوسەرەکەت لە شوێنی باوکمە و منی بەخێو کردوە، لەبەر ئەوەی لە من گەورەترە، ئەو تاوانە گەورەیە چیە باسی لێوە دەکەی؟ هەرگیز گوێم لێ نەبێتەوە باسی بکەی و هیچ مرۆڤێك گوێی لێ نەبێ و ڕێگە نەدەی لە دەمم بێتە دەرەوە و ڕێگە بە هیچ دروست کراوێك نەدەی. ئینجا دەستی دایە دانەوێڵەکە و گەڕاوە بۆ کێڵگەکە، لەوێ چاوی بە برا گەورەکەی کەوت و هەر یەکەیان بە دڵسۆزی کاریان دەکرد. ئێوارەکەی برا گەورەکە گەڕاوە بۆ ماڵ، هەرچی برا بچووکەکەیە ئەوا گاوانی گاڕانەکەی دەکرد و لە هەموو جۆرە داهاتەکانی کێڵگەکەی هەڵگرتبوو و لەگەڵ گاڕانەکەی بەرەو ماڵ دەبۆوە تا لە تەویڵەکەی گوند بخەوێ(حسن، ٢٠٠٠، ٩٢-٩٣).

براژنەکە لەو قسانە ترسا، کە کردبووی لەگەڵ برا بچووکەکە، بۆیە ویستی درۆیەك دروست بکات(غربال و آخرون، دون سنة طبع، ٤١٠)، هەڵسا هەندێ بۆیەی ڕەشی هێنا و وای لە خۆی کرد، وەك ئەوەی شەڕیان پێ فرۆشتبێ و لێیان دابێ، تا بە برا گەورەکە بڵێ، کە برا بچووکەکەت گێچەڵی پێکردوم و لێیداوم، کاتێك برا گەورەکە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، دەبینێ خێزانەکەی ماندوو و پەشۆکاوە وەك ئەوەی ڕووبەڕووی لێدان و توند و تیژی بووبێتەوە، نەچوو ئاو بە دەستی هاوسەرەکەیدا بکات، وەك پیشەی ڕۆژانەی، هەروەها ڕووناکیەکەی دانەگیرساند تا ماڵەکە ڕووناك بێتەوە و پاڵکەوت لەناو پیسی و ناهەمواری دۆخی خۆیدا. هاوسەرەکەی پێی گووت: ئەمڕۆ لەگەڵ کێ قسەت کردوە؟ وەڵامی دایەوە: هیچ کەسێك قسەی لەگەڵ نەکردوم تەنها برا بچووکەکەت نەبێ(Erman, 1973, 378)، کاتێك هاتەوە بۆ ئەوەی دانەوێڵەکانت بۆ بهێنێ. کاتێك بینی بە تەنیا دانیشتووم، پێی گووتم: وەرە بۆ ماوەی کاتژمێرێك کات بەسەر ببەین، ئەوها قژی خۆت ڕازاندۆتەوە. بەو شێوازە لەگەڵم دواوە، بەڵام من لە لای خۆمەوە، هەرگیز گوێی لێناگرم! پێم گووت ئایا من دایکت نیم؟ هەروەها برا گەورەکەت بۆ تۆ باوك نیە؟ بۆیە ترسا و لێیدام تا ئەوەی ڕوویداوە بۆ تۆی نەگێڕمەوە. بەڵام تۆ ئەگەر ڕێگە بدەی ئەو لە ژیاندا بمێنێ، ئەوا من دەمرم. پێویستە تۆ بزانی: ئەگەر ئەو ئێوارە بگەڕێتەوە و بزانێ من سکاڵام لەسەری کردوە سەبارەت بە قسە خراپەکانی، ئەو چی دەکات بە دڵنیاییەوە! برا گەورەکە تورە بوونێك تورە بوو وەك پڵنگی باشوور. چەقۆیەکی بە دەستەوە گرت و لە پشت دەرگای تەویڵەکە وەستا بۆ ئەوەی برا بچووکەکەی بکوژێ کاتێك ئێوارە دێتەوە و گاڕانەکە دەهێنێتە تەویڵەکە. کاتێك خۆر نزیکی ئاوا بوون بوو و برا بچووکەکە هەموو جۆرە گژوگیاکانی کێڵگەکەی هەڵگرتبوو وەك پیشەی هەمیشەیی ڕۆژانەی خۆی و هەنگاوی دەنا، ئەو مانگایەی لە پێشەوەی گاڕانەکە دەڕۆیشت بۆ ناو تەویڵەکە پێی گووت: ئەوە برا گەورەکەت بۆت وەستاوە تا ڕووبەڕووت ببێتەوە و چەقۆیەکی لە دەستە،

دەیەوێت بتکوژێ، بۆیە پێش ئەوەی هیچ ڕووبدات ڕابکە. کاتێک گوێی لێ بوو مانگاکەی پێشەوە چی گووت، لە خوارەوەی دەرگای تەوێلکە سەیری کرد هەردوو پێیەکانی برا گەورەکەی بینی، کە لە پشت دەرگاکە چاوەڕێی دەکات و چەقۆیەکی بە دەستەوەیە. بارەکەی لەسەر زەوی دانا و بە خێراییەکی زۆر ڕایکرد و برا گەورەکەی بە دوای کەوت بە چەقۆکەوە، برا بچووکەکە هاواری ڕع حور اختی کرد و گووتی: ئەی باشترین خواوەندم هەر تۆی دادوەری نێوان ڕاستی و ناڕاستی دەکەی، ڕع گوێی لە تەواوی ئەو هاوارانە بوو. بۆیە خواوەند ڕع ڕووبەرێک لە ئاوی ئەفراند و خستیە نێوان برا گەورە و بچووکەکە ... ئەو ئاوە تەژی بوو لە تیمساح. بۆیە هەر یەکەیان کەوتنە لایەکی ئاوەکە. دووجار برا گەورەکە دەستی ڕاوەشاند بە چەقۆکەی تا برا بچووکەکە بپێکێ بەڵام نەیتوانی بیکوژێ. لێرەدا براکەی لە لایەکەی دیکەی ئاوەکە بانگی کرد و گووتی: لەوێ بمێنەوە تا بەرە بەیان. کاتێک تیشکی خۆر هەڵدێت لە بەردەمی دەپارێمەوە لە دژت، بۆ ئەوەی ڕاستی و دادپەروەری بچەسپێ. من بۆ هەرگیز لەگەڵت نابم، هەرگیز لەو شوێنەش نابم، کە تۆی لێبێ، بۆیە دەچمە دۆڵی درەختی سنەوبەر (زۆربەی بۆچوونەکان لەگەڵ ئەوەن، کە ئەم ناوچەیە لوبنانی ئێستایە) و سەری خۆم هەڵدەگرم(لالویت، ١٩٨٧، ٢٣١-٢٣٢).

کاتێک زەوی ڕووناک بۆوە و ڕۆژێکی نوێ دەستی پێکرد و ڕع حور اختی دەرکەوت، هەردوو براکە لەمبەر و لەوبەر یەکتریان بینی، برا بچووکەکە دەنگی هەڵبڕی بۆ برا گەورەکە و پێی گووت: بۆ بەدوام کەوتی و ویستت بە غەدر بمکوژی بەبێ ئەوەی گوێ بگریت لەوەی، کە چی دەڵێم؟ ... بە هەر حاڵ برای بچووکتم و تۆش بۆ من لە شوێنی باوکم بووی، هەروەها هاوسەرەکەت لە شوێنی دایکم بوو. کاتێک منت نارد بۆ ئەوەی هەندێ دانەوێڵە بهێنم ... هاوسەرەکەت پێی گووتم: وەرە کاتژمێرێک بە یەکەوە کات بەسەر ببەین، بەڵام پێچەوانەی ئەوەی بە تۆ گووت. ئینجا برا گەورەکە زانی، کە چی ڕوویداوە لەنێوان براکەی و هاوسەرەکەی، ئینجا باتا بە برا گەورەکەی گووت: سوێند بە خواوەند ڕع حور اختی تۆ دوام کەوتی بۆ ئەوەی بە ناحەق بمکوژی، چەقۆکەت لە دەستت گرتبوو و لە پشتی دەرگاکە وەستا بووی. چەقۆی بڕینی پووش و پەڵاشی دەرهێنا و ئەندامی نێرینەی خۆی بڕی و فڕێیدا ناو ئاو، ماسیەکی گەورە هات و خواردی. ئینجا لە هۆش خۆی چوو و بووڕایەوە! لێرەدا برا گەورەکە زۆر نەفرەتی لە خۆی کرد و بە دەنگێکی بەرز گریا. نەیدەزانی چۆن خۆی بگەیەنێتە ئەوبەری ئاوەکە تا برا بچووکەکەی بوەستێنی ... بە هۆی بوونی تیمساحێکی زۆر. دواتر برا بچووکەکە هاواری کرد بۆ برا گەورەکەی و پێی گووت: ئەگەر تۆ بیرت لە شتێکی ناڕەوا کردۆتەوە ئایا دەتوانی بیر لە شتێکی باش بکەیتەوە یان شتێک، کە بتوانم بۆتی بکەم؟ ئێستاش بڕۆوە ماڵ و خۆت گاڕانەکەت بەخێو بکە، نیازم وایە لە شوێنێک دانەنیشم، کە تۆی لێ بێت ... دەچمە دۆڵی درەختی سنەوبەر. شتێک، کە بتوانی بۆ منی بکەی ئەوەیە، کە چاودێریم بکەی و بمگێڕیتەوە ئەگەر شتێک بۆ من هاتە پێشەوە لەبەر ئەوەی من جادوویەک لە دڵم دەکەم و دەیخەمە سەر گوڵێک لەسەر لوتکەی درەختێکی سنەوبەر. ئەگەر گوڵی سنەوبەرەکە لێبکرێتەوە ئەوا دڵیشم دەکەوێتە سەر زەوی، بۆیە لەسەر تۆیە، کە بە دوایدا بگەڕێی، ئەگەر حەوت ساڵ بە دوایدا گەڕای، ئەوا ماندوو مەبە. ئەگەر دۆزیتەوە ئەوا بیخە ناو دەفرێکی پڕ لە

ئاوی سارد. بەو شێوەیە دووبارە زیندوو دەبمەوە و وەڵامی ئەو تاوانە دەدەمەوە، کە خراوەتە پاڵم(حسن، ٢٠٠٠، ٩٤-٩٥). ئەگەر پیاوێك هات و کوپێك بیرەی پێدایت و بیرەکە کەفی کرد، تۆش خواردتەوە ئینجا تێدەگەی، کە من چیم بەسەر هاتووە، دوو دڵ مەبە لە ئەنجامدانی ئەم کارە، ئەوە لە بەرژەوەندی تودایە، بە دوای دڵمدا بگەڕێ. برا بچووکەکە ڕۆیشت بۆ دۆڵی سنەوبەر و برا گەورەکەش گەڕاوە بۆ ماڵەوە و دەستێکی لەسەر سەری دانا بوو، بە تۆز و خۆڵەوە. کاتێك گەیشتەوە ماڵ خێزانەکەی خۆی کوشت و فڕێیدایە بەر دەمی سەگەکان، لە خەم و ناسۆری زۆردا بوو بۆ برا بچووکەکەی(Erman, 1973, 379).

دوای تێپەڕ بوونی چەند ڕۆژێك بەسەر ئەم ڕوودۆخەدا، برا بچووکەکە لە دۆڵی سنەوبەر بە تەنها بوو و کەسی لەگەڵ نەبوو. ڕۆژانە بە ڕاوکردنی گیانلەبەرانی ئەم ناوچەیە خەریك بوو، بۆ ئێوارەکەی لە ژێر دارێکی سنەوبەردا دەخەوت، کە لەسەر لوتکەکەیدا گوڵێك هەبوو و دڵی خۆی لەسەر دانابوو. دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك بە دەستی خۆی ماڵێك و باخچەیەکی لە دۆڵەکە دروست کرد، کە هەموو شتێکی جوانی تێدا بوو بۆ ئەوەی لە ناوی بە ئارامی دابنیشێ، جارێك لە کاتی دەرچوونی لە ماڵ چاوی بە نۆ خواوەندەکە کەوت، کە دەچوون بۆ دیاریکردنی سنووری هەموو خاکەکە، هەر نۆ خواوەند بە یەکەوە گووتیان: اه باتا ئەی گای نۆ خواوەندەکە، تۆ بە تەنیا لێرە دەژیت دوای ئەوەی وڵاتەکەی خۆت بەجێهێشت لەبەرامبەر خێزانی برا گەورەکەت انوبیس؟ ئەو ئێستا خێزانەکەی خۆی کوشتوە، لەبەر ئەوەی تۆ ئەو تاوانەت ئاشکرا کرد، کە لە دژی تۆ کردی. دڵیان زۆر زۆر ئازاری دەکێشا لە پێناوی. لێرەدا خواوەند رع حور اختی بە خواوەند خنومی گووت: اوە! ئافرەتێك بخولقێنە بۆ باتا تا بە تەنیا نەبێت، خنومیش هەڵسا بە ئەفراندنی ئافرەتێك بۆی تا لەگەڵی بژی. پێکهاتەی ئەم ئافرەتە تەواو و بێ کەموکوڕی بوو زیاتر لە هەر ئافرەتێکی دیکە لەسەر زەوی. تەواوی خواوەندەکان فویان بەبەردا کرد. هەر حەوت حتحور هاتن بۆ بینینی، هەموویان بە یەك دەنگ گووتیان: تۆ بە مردنێکی ترسناك دەمریت. باتا زۆر زۆری خۆشدەویست، لە ماوەی هەبوونی لە ماڵەکەدا، ڕۆژەکانی بە ڕاوی گیانلەبەرانی ناوچەکە بەسەر دەبرد بۆ ئەوەی بیخاتە بەر دەمی خێزانەکەی، بە خێزانەکەی گووت: لە ماڵ دەرمەچوو بۆ ئەوەی ڕووبار نەترفێنێ. منیش نەتوانم ڕزگارت بکەم. منیش ئافرەتێکم وەك تۆ (لەبەر ئەوەی ئەندامی نێرینەی نەمابوو). دڵم لەسەر لوتکەی گوڵی دار سنەوبەر داناوە، ئەگەر کەسێك دۆزیەوە لەگەڵی دەجەنگم. نهێنییەکانی خۆی درکاند بە هەموو شێوەیەك(ماسبیرو، ٢٠٠٨، ٩٠-٩١).

دوای چەند ڕۆژێك ئەو کاتەی باتا دەرچوو بۆ ڕاو، وەك کاری هەمیشەیی ڕۆژانەی. کاتێك خێزانە گەنجەکەی دەرچوو بوو بۆ دەرەوە لە لای درەختە سنەوبەرەکان، کە لە نزیك ماڵەکەیان بوو ... سەیرێکی ڕووبارەکەی کرد، کە بەرەو ئەو درێژ دەبۆوە و بە بەر دەمیدا تێدەپەڕی. چووە ناو ماڵەکەی. ڕووبارەکە بانگی درەختە سنەوبەرەکەی کرد و پێی گووت: پێویستە دەستی بەسەردا بگرم. لێرەدا درەختەکە تاڵێك لە قژی ئافرەتەکەی پێشکەش بە ڕووبارەکە کرد، ڕووبارەکە لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرت و بردی بۆ میسر ... خستیە ماڵی ئەوانەی کاری پاککردنەوە و شووشتنیان بۆ فرعەون دەکرد، بۆنی تاڵی قژەکە بەسەر جلەکانی فرعەون

بڵاوبۆوە، ململانێ کەوتە نێوان جل شۆرەکانی فرعەون و دەیانگووت: بۆنی گوڵاو لە جلەکانی فرعەون؟ ... ئەم ململانێیە بەردەوام بوو ڕۆژانە، نەیاندەزانی چی دەکەن. لەو کاتەدا سەرۆکی جل شۆرەکان هاتە لێواری ڕووبارەکە و دڵی زۆر ماندوو بوو، زۆر بوون ئەو ئاژاوانەی ڕۆژانە لە دژی دەگێڕدران. لەسەر لێواری ڕووبارەکە وەستا بە دیاریکراوی بەرامبەر تاڵە قژەکەی ناو ئاوەکە. یەکێکی نارد بۆ ناو ئاوەکە تا تاڵە قژەکەی بۆ بهێنێت، بۆنی ئەم تاڵە قژە زۆر خۆش بوو و بردی بۆ لای فرعەون، ئەویش جادوکەرەکانی بانگ کرد ... جادوکەرەکان بە فرعەونیان گووت: ئەم تاڵە قژە بریتیە لە تاڵە قژی یەکێك لە کچەکانی رع حور اختی، کە پڕە لە شیلەی گشت خواوەندەکان، تۆش ئەی ئەوەی خاکی بێگانە ڕێزی لێگرتووی چەندین نوێنەر دەنێرین بۆ خاکی بێگانەکان بۆ ئەوەی ئەم کچە بهێننە ئێرە، ئەو نێردراوەی دەچێتە دۆڵی سنەوبەر دەبێ ژمارەیەکی زۆری پیاو یاوەری بن بۆ ئەوەی کچەکە بهێنن. لێرەدا خاوەنشکۆ گووتی: ئەوە زۆر باشە، کە باسمان کرد. نێردراوەکانی نارد و دوای چەند ڕۆژێك پیاوەکان گەڕانەوە ئەوانەی چووبوون بۆ وڵاتی بێگانەکان و ڕاپۆرتی گەشتەکەیاندا بە خاوەنشکۆ، هەرچی ئەوانە بوو، کە چووبوونە دۆڵی درەختی سنەوبەر ... نەگەڕانەوە: باتا هەموویانی کوشت تەنها یەکێکیان نەبێ ئەویش بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی خۆی بداتە خاوەنشکۆ. خاوەنشکۆ فەرمانیکرد ئەمجارە ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان و جەنگاوەران بە ئەسپ و گالیسکەوە گەشت بکەن ... بۆ هێنانی کچی خواوەند. ئافرەتێك هاوڕێیەتیانی دەکرد، کە خاوەنشکۆ جوانترین خشڵەکانی پێدابوو، ئەو خشڵانەی سەرنجی هەموو ئافرەتێك ڕادەکێشێ، ئینجا گەڕانەوە و ئافرەتەکەیان لەگەڵ خۆیان هێنا و لە هەموو وڵات خۆشی و شادی دەربڕدرا و بووە جێگەی خۆشەویستی خاوەنشکۆ و کردی بە شازادەی مەزن. خاوەنشکۆ پرسیاری گوزەرانی لێکرد و پێی گووت، کە هەواڵی هاوسەرەکەی بداتێ(حسن، ٢٠٠٠، ٩٦-٩٧). ئەویش بە خاوەنشکۆی گووت: فەرمان بکە بە بڕینی درەختە سنەوبەرەکە و لە ناوی ببە. خاوەنشکۆ نێردراوی نارد بۆ دۆڵی سنەوبەر، کە چەندین سەرباز بوون و چەکیان پێبوو بۆ بڕینی درەختە سنەوبەرەکە، گەیشتنە درەختەکە و ئەو گوڵەیان بڕی، کە دڵی باتای لەسەر بوو، ئەوەش بووە هۆی مردنی باتا(Lichtheim, 1976, 206-207).

بەیانی کاتێك گزنگی ڕۆژێکی نوێیدا، دوای ئەوەی درەختەکەیان بڕی، لەو کاتەدا انوبیس برا گەورەکەی باتا دەچووە ماڵی خۆی، دانیشت و دەستەکانی شوشت و گۆزەیەکی پڕ لە بیرەی پێشکەش دەکرێت، کە پڕ بوو لە کەف ئینجا گۆزەیەکی دیکەی شەڕابی پێدرا، کە پیس و تێکچوو بوو. لێرەدا زانی، کە شتێك بەسەر براکەیدا هاتووە، بۆیە بە خێرایی گۆچان و جل و بەرگەکانی و کەلوپەلەکانی هەڵگرت و ڕێگەی دۆڵی درەختی سنەوبەر گرت. چووە ناو ئەو تاکە ماڵەی، کە باخەکەی هەبوو و موڵکی برا بچووکەکەی بوو، تێبینی کرد برا بچووکەکەی ڕاکشاوە و مردوە. دەستی بە گریان کرد کاتێك بینی براکەی مردوە. ئینجا دەستی کرد بە گەڕان بە دوای دڵی براکەی لە ژێر درەختە سنەوبەرەکە، ئەو شوێنەی برا بچووکەکە ئێواران لێی دەخەوت. بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بوو لە گەڕان ... بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی دەستکەوێ. کە گەیشتە ساڵی چوارەم، دڵی برا بچووکەکە ئارەزووی ئەوەی دەکرد بچێتەوە میسر، بۆیە گووتی: سبەی دەڕۆم، لەسەر تەختی دڵی ئەمەی گووت (مەبەست ئەوەیە، کە

دڵەکە وایگووتوە). کاتێك زەوی ڕووناك بۆوە و تیشکی ڕۆژێکی نوێ دەرکەوت، انوبیس چووە ژێر درەختە سنەوبەرەکە هەموو کاتەکەی لە گەڕان بەسەر برد و ئێوارە گەڕاوە، ئاوری داوە بۆ دواوە بۆ ئەوەی دووبارە چاو بگێری، لەوکاتەدا چاوی بە دار مێوێکی بچووك کەوت، بردی و سەرەو ژوور هەڵیگێراوە و بۆی دەرکەوت .... ئەوە دڵی برا بچووکەکەیەتی! بۆیە کۆپێك ئاوی ساردی ئامادە کرد و خستیە ناوی. ئینجا دانیشت وەك پیشەی ڕۆژانەی. کاتێك شەو داهات، دڵەکە ئاوەکەی هەڵمژی، لێرەدا باتا بە تەواوی ئەندامەکانی هەڵساوە. سەیری برا گەورەکەی کرد و بوورایەوە، انوبیسی برا گەورە هەڵسا بە هێنانی کوپە ئاوەکە، کە دڵی برا بچووکەکەی تێدا بوو، برا بچووکەکە ئاوەکەی خواردەوە. دڵەکە گەڕاوە شوێنی خۆی. هەر وەك پێشووی لێهاتەوە. هەر یەکێك ئەوەیتری لە ئامێز گرت و هەر یەکەیان دەستی بە قسە کرد لەگەڵ ئەوەیتر، باتا بە برا گەورەکەی گووت: ئەوەتا ئەوە منم و دەگۆڕێم بۆ گایەکی گەورەی خاوەن قژێکی جوان. کەس شارەزای سروشت و هەڵسوکەوتی نەبێت. هەرچی تۆی، ئەوا لەسەر پشتم دانیشە لەگەڵ ڕۆژهەڵات. کاتێك گەیشتینە ئەو شوێنەی، کە هاوسەرەکەمی لێیە، هەموو ئەو ئازارەی پێدەدەمەوە، کە بە منی گەیاندوە. تۆش هەڵسە بە ڕێنشاندانم بۆ ئەو شوێنەی، کە ئەوی لێیە. ئەوا هەموو شتێکی باشت پێدەدەم. جوانت دەکەم بە زێر و زیو لەبەر ئەوەی دەمگەیەنی بە فرعەون، لەبەر ئەوەی ئەمن وەك پەرجووەکی گەورەم و هەمووان دڵخۆش دەبن لەسەر زەوی ئینجا دواتر دەگەڕێیتەوە وڵاتەکەت(ماسبیرو، ٢٠٠٨، ٩٤-٩٥) و (الماجدي، ٢٠٢٠، ٣٧٨).

کاتێك ڕۆژهەڵات و ڕۆژێکی نوێ دەستی پێکرد، باتا گۆڕا بۆ گایەکی گەورە و جوان، کە هیچ هاوشێوەی نەبوو لە هەموو زەوی(Lichtheim, 1976, 203-204). برا گەورەکەی لەسەر پشتی سوار بوو لە چرکەکانی گزنگ گەیشتنە شوێنی دیاریکراو. هاتنی ڕاگەیاند بۆ خاوەنشکۆ. خاوەنشکۆش زۆر زۆر سەیری کرد. بۆیە بڕیاریدا لە پێناوی ئاهەنگی زۆر زۆر بگێڕێت و گووتی: ئەوە پەرجووەکی گەورەیە و هاتۆتە دی و بە هۆیەوە هەموو سەر زەوی دەکەوێتە خۆشی. برا گەورەکە زێڕ و زیوێکی زۆری وەرگرت و گەڕاوە شارەکەی خۆی، زۆری پێبەخشرا لە کرێکار و مەڕ و ماڵات و موڵك و ماڵ. فرعون گایەکەی زۆر زۆر خۆشویست زیاتر لە هەر کەسێکی دیکەی سەر زەوی. پاش چەند ڕۆژێك، گایەکە چووە شوێنی ئافرەتەکان. لەو شوێنە وەستا، کە شازادەکەی لێبوو. دەستی بە گفتوگۆ کرد لەگەڵی و پێیگووت: ها ئەوەتا من لێرەم سەرەڕای هەموو شتێك هێشتا لە ژیانم، ئەویش وەڵامی دایەوە و پێیگووت: تۆ کێی؟ وەڵامی دایەوە: من باتام زانیم چۆن کارت کرد لەسەر بڕینی درەختە سنەوبەرەکە بە فەرمانی فرعون، کاتێك دەژیام دەتویست بەردەوام نەبم لە ژیان، بەڵام سەیرکە سەرەڕای هەموو ئەوانە هێشتا زیندووم، من گای بەهێزم. ترسی زۆر زۆر کەوتە گیانی شازادەکە، لەو قسانەی هاوسەرەکەی پێیگووت. ئینجا گایەکە لە شوێنی ئافرەتەکان هاتە دەرەوە. خاوەنشکۆ هات بۆ ئەوەی ڕۆژێکی خۆش لەگەڵی بەسەر ببات: بانگی سەر سفرەی نانخواردنی خاوەنشکۆ کرا. زۆر زۆر باش و میهرەبان بوو لەگەڵی. لێرە شازادەکە بە خاوەنشکۆی گووت: سوێند بەخوا دەخۆم و بڵێ هەرچییەك بڵێیت گوێ دەگرم لە پێناو تۆ و گوێم لە هەموو ئەوانە بووە، کە گووتت: ئایا ڕێگەم دەدەی جەرگی ئەو گایە بخۆم؟

لەبەر ئەوە بۆ هیچ شتێك سوودی نیە. ئەوەی بە خاوەنشكۆ گووت، ئەو قسانە بوونە خەم و پەژارەیەكی زۆر زۆر و تەنانەت بووە هۆی نەخۆشیەكی زۆر زۆری فرعون (چونكە فرعون نەیدەویست گایەكە بكاتە قوربانی، لەبەر ئەوەی خۆشیدەویست)(ماسبیرو، ٢٠٠٨، ٩٥-٩٦) و (لالویت، ١٩٨٧، ٢٣٦-٢٣٧).

كاتێك زەوی ڕووناك داهات و ڕۆژێكی نوێ دەستی پێكرد، ئاهەنگێكی گەورە ڕێكخرا و قوربانی كرا وەك ڕێزلێنان لە گایەكە. خاوەنشكۆ یەكێك لە ئەفسەرە باڵاكانی نارد بۆ سەربڕینی گایەكە ... دوای ئەوەی سەریانبڕی و لەسەر شانی چەند پیاوێكدا بوو ملی جولا و دوو دڵۆپ خوێن كەوتە سەر پەیژەی چوونە ژوورەوەی كۆشكی خاوەنشكۆ، یەكێك لە دڵۆپە خوێنەكان كەوتە سەر لای ئەو دەرگا گەورەیەی، كە تایبەتە بە فرعون؛ دووەمیش كەوتە سەر لایەكەی دیكە. لەسەر شێوەی درەختی سنەوبەر بە گەورەیی ڕوان زۆر جوان و سەرنجڕاكێش بوون، یەكسەر فرعون گووتی: دوو درەختی گەورەی سنەوبەر ڕواون وەك پەرجوویەك بۆ خاوەنشكۆ؛ بەم بۆنەوە لە ماوەی شەودا، لە تەنیشت دەرگای گەورەی تایبەت بە خاوەنشكۆ. خۆشی و شادی هەمووانی گرتبۆوە و قوربانیان بۆ دەكرا. دوای تێپەڕ بوونی چەند ڕۆژێك، خاوەنشكۆ لەم دەرگایە دروستكراوە لە لازوردە هاتە دەرەوە، چاوی كەوت بە تاجە گوڵینەی دەور دراو بە هەموو جۆرە گوڵێك. بە گالیسكە قورمزیەكەی وەستا و لە حەوشی كۆشكی شاهانە هاتە دەرەوە، بۆ ئەوەی هەردوو درەختی سنەوبەر ببینێ، شازادەكەش لە گالیسكەیەك هاتە دەرەوە، كە دوو ئەسپ ڕایاندەكێشا، لە پشت فرعون. خاوەنشكۆ لە ژێر سێبەری یەكێك لە درەختەكان دانیشت و شازادەكەش لە ژێر سێبەری ئەوەی دیكە دانیشت. كاتێك جێگیر بوو لە دانیشتنەكە درەختەكە دەستی بە قسەكردن كرد لەگەڵ شازادەكە و پێی گووت: ئاە .. ئەی خیانەتكاری زاڵم. ئەوە منم باتا. من لە ژیاندام دژی ویستی تۆ. دەزانم چۆن واتكرد فرعون فەرمان بكات بە بڕینی درەختە سنەوبەرەكە، كە لە ژێری دەژیام. ئینجا گۆڕام بۆ گا؛ كارت كرد لەسەر كوشتنم. دوای چەند ڕۆژێك، لە كاتی نان خواردن شازادەكە لە تەنیشت خاوەنشكۆ بووە، زۆر نەرم و بەسۆز بوو لەگەڵی بە خاوەنشكۆی گووت: سوێند بە خوا بڵێ ئەوەی شازادە بیڵێ گوێی لێدەگرم. ئینجا گووتی ئەو دوو درەختە سنەوبەرە ببڕەوە تا كەلوپەلی جوانی لێ دروست بكەین، خاوەنشكۆ گوێی لە هەموو قسەكانی گرت(حسن، ٢٠٠٠، ٩٨-٩٩). دوای تێپەڕ بوونی چەند ڕۆژێك، چەند كرێكارێكی كارامەی نارد بۆ بڕینەوەی درەختەكان، درەختەكەی تایبەت بوو بە خاوەنشكۆ هەڵیانكەند. ئەو كات شازادەكەی خێزانی پاشا لەوێ وەستا بوو و سەیری ئەو كارەی دەكرد. لەو كاتەدا پارچەیەك لە گەڵا كەوتە ناو دەمی شازادە، قوتیدا و پێی دوو گیان بوو. ئینجا لەسەر داوای شازادە لە درەختەكە كەلوپەل دروستكرا(مهران، ١٩٨٩، ١٢٤).

دوای چەند ڕۆژێك منداڵەكە لە دایك بوو، كە كوڕ بوو. هەندێك چوون بۆ ئەوەی ئەم هەواڵە بدەنە خاوەنشكۆ، كە منداڵێكی كوڕت بووە. بۆیە چەندین بەخێوكار و خزمەتگوزاری بۆ دانا. خۆشی و شادی هەموو زەوی گرتەوە. دەستكرا بە وەرگرتنی ناوەكەی. خاوەنشكۆ زۆر زۆری خۆشدەویست كاتێك دەیبینی. بە ناوی كوڕی پاشایی كوش ناوی دەهێنا (كوش

یەکێك لە ناسناوەکانی خێزانی پاشایی بوو، کە مەبەست لێی پاشای ئەسیوبیای ئێستایە). دوای چەند ڕۆژێك خاوەنشکۆ باوکایەتی شازادەیەکی جێنشینی کرد بۆ هەموو زەوی. ئینجا، دوای ڕۆژانێکی زۆر و دوای ئەوەی بۆ چەندین ساڵ شازادەی جێنشین بوو بۆ هەموو زەوی، خاوەنشکۆ بەرز بۆوە بۆ ئاسمان (واتا کۆچی دوایی کرد). باتا بووە پاشا و گووتی: هەموو ڕاوێژکارە گەورەکانی خاوەنشکۆم بۆ بانگ بکەن تا پێیان بڵێ چی بەسەردا هاتووە. خێزانەکەشیان بۆ هێنا. لە بەردەم هەمووان دادگایی کرد و فەرمانی سزاکەیان بەسەردا جێبەجێ کرد. برا گەورەکەیان بۆ هێنا و فەرمانیکرد ببێتە شازادەی جێنشینی هەموو زەوی. باتا بۆ ماوەی بیست ساڵ پاشای میسر بوو، دوای ئەوەی ژیانی سەر زەوی بەجێهێشت. دوای ئەو براکەی فەرمانڕەوایی کرد لەو کاتەی تەرمی باتایان ناشت(ماسبیرو، ٢٠٠٨، ٩٧-٩٨).

### ٣. شیکرنەوەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی چیرۆکەکە

ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم چیرۆکە جۆراو جۆرن، هەوڵدەدەین ئەو ڕەهەندانە بخەینە بەر دید، کە لە چیرۆکەکەدا جەختی کراوەتە سەر تا ببێتە ئامرازێك بۆ ئاراستە کردنی کۆمەڵگە بۆ مەبەستی پێداگیری لەسەر هەندێك ڕەهەند و تایبەتمەندی و مانەوەی لەلایەك و ڕەتکردنەوە و دوورکەوتنەوە و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی هەندێکی دیکە. لە ڕێگەی دۆزینەوە و شیکردنەوە و ناساندنی ئەم ڕەهەندانە، دەتوانین تایبەتمەندی ئاراستە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی میسری کۆن لە ماوەی نێوان ١٥٦٩ – ١٠٨١ پ.ز بزانین، چونکە لەم چیرۆکەکەدا بە زمانێکی زۆر سادە و ساکار ڕەنگڕێژی واقعی کۆمەڵگەی میسری ئەوکاتمان بۆ دەکات بە تام و چێژێکی بەرزی ئەدەبی(Erman, 1973, 380)، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:-

### ٣.١ ڕەهەندی دامەزراوەیی و یەکگرتوویی خێزانیی

چیرۆکی دو برا، لە سەرەتادا تابلۆیەکی تەواو نەقشێنراو و ڕەنگاو ڕەنگی ژیانی گوندی لە کۆمەڵگەی میسریمان نیشان دەدات و بە ووردی کەرەستەکان و پێداویستییەکان و کاری هەرەوەزی ژیانی لادێییمان پێ دەناسێنێت(دوما، ١٩٩٨، ٥٦٥)، هەروەها خێزان وەك بنچینە و بناغەی سەرەکی کۆمەڵگە نیشان دەدات، کە خێزان بنەمای سەرەکی دروست بوونی کۆمەڵگەیەکی تەندروستە، لە هەمان کاتدا ئەوەمان نیشان دەدات، کە ئەم بنچینەیە بە هۆی کێشەی ناوەخۆیی و نەبوونی ووردبینی ئەگەری تێکشکانی هەیە، چونکە دەبینین هەموو شتێك بە باشی بەڕێوە دەچێت لە سەرەتادا، بەڵام کاتێك خێزانی انوبیس هەوڵی فریودانی باتا دەدات، باتا وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێت: ((گوێ بگرە تۆ لە شوێنی دایکمی و هاوسەرەکەت لە شوێنی باوکمە و منی بەخێو کردوە، لەبەر ئەوەی لە من گەورەترە، ئەو تاوانە گەورەیە چیە باسی لێوە دەکەی؟ هەرگیز گوێم لێ نەبێتەوە باسی بکەی))، ئەمە هێما و ئاماژەی ڕوونی پاراستنی پیرۆزیەکانی خێزانە و هەوڵێکی بوێرانەیە بۆ ڕێزگرتن لە شکۆمەندییەکانی خێزانیی، بەو پێیەی، کە براژنەکەی وەك دایکی خۆی نیشان دەدات و سنووری خێزانیی دیاری دەکات، بەمەش بەرگری لە مانەوەی شکۆمەندی خێزانیی دەکات، کەواتە تێکچوونی نۆرمە خێزانییەکان هەڕەشەیە لەسەر شیرازەی کۆمەڵگە(Lichtheim, 1976, 204).

جگە لە مانە ڕێزگرتن و وەفا بەرامبەر بە گەورەکان لە باتاوە دەبینرێ، کاتێك نایەوێت کاری بەدڕەوشتی لەگەڵ هاوسەری براکەی بکات، کەواتە باتا بە هەڵوێستەکانی لە قوربانیدان بە خودی خۆی لە برینی ئەندامی نێرینە و بەرەنگاربوونەوەی ئالنگاریەکان بەرگری لەو داب و نەریتە کرد، کە لە کۆمەڵگەی میسریدا باوە بۆ پاراستنی پیرۆزییەکانی خێزان و مانەوەی ناوبانگی خێزانەکەی بە شکۆمەندی و پێمان دەڵێت، کە تاك بەرپرسە لە پاراستنی ناو و نابانگی خێزان، ئەگەر نرخ و بەهاکەشی گران بێت( Moldenke, 1898, 33). کەواتە لە ڕێگەی ئەم چیرۆکەوە داڕێژەرانی چیرۆکەکە هانی کۆمەڵگە و بە تایبەت لاوان دەدەن بۆ ئەوەی پارێزگاری لە بەها کۆمەڵایەتییەکان بکەن و پابەند بن بە بنەما

سەرەکییەکانی بنیاتنان و دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی بناغە پتەو، ئەگەر نرخەکەشی گران بێت، چونکە ئەوە ڕێگە ڕاستەکەیە بۆ پاراستنی شیرازەی خێزان و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و یەکگرتوو.

### ٣.٢ ڕەهەندی ئەخلاق و دادپەروەری کۆمەڵایەتی

سیستەمی ئەخلاقی و دادپەروەری یەکێکە لە کۆڵەگە هەرە سەرەکییەکانی هەر کۆمەڵگەیەك، کە مەبەستییەتی هەلی یەکسان و لەبار بۆ هەمووان وەك یەك بڕەخسێنێ بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان بۆ ئەوەی هەر تاکێك بەبێ جیاوازی بتوانێ ڕێڕەوی ژیانی خۆی بگرێت(ریتزر و آخرون، ١٣٩٣، ٢٢٣-٢٢٥)، لەم چیرۆکەدا ئەخلاق و دادپەروەری پەیوەست کراوە بە چەمکی ماعت، ئەم چەمکەش نوێنەرایەتی جیاوازترین بیرۆکەی ئایدیۆلۆژی دەکرد، ئەویش بەش بەحاڵی خۆی پیرۆزیی لەگەڵ ڕەوشت و دادپەروەری تێکەڵ دەکرد. ئەم چەمکە وەک بابەتێکی سەرەکی لە جۆرەها دەقی ئەدەبی جۆراوجۆردا لە میسری کۆندا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە هەمیشە بە گرنگی زۆرەوە سەیری چەمکی ماعت کراوە و مامەڵەی لەگەڵ کراوە(Salim, 2013, 53).

ئەرکی ماعت لە کۆمەڵگەی کۆنی میسریدا بریتیە لە چەسپاندنی دادپەروەری و ڕاستی لە سیستەمی گەردوونی، کەواتە پابەند بوون بە ئەخلاق دەبێتە هۆی پیرۆزی و لەویشەوە دادپەروەری بەدەست دێت(کلارك، ١٩٨٨، ١٧٢)، لێرەوە دەبێتە هۆی دروست بوونی هاوسەنگی، کە لە خودی شێوەی ماعت هێما و وێنای دوو باڵ هەیە، مەبەست لەو باڵانەش ڕاگرتنی هاوسەنگییە لە گەردوون، هەر لەبەر ئەوەیە هاوسەنگی و دادپەروەری وەك یەك سەیر کراوە و دوو تای یەك تەرازوون، بە جۆرێك بابەتەکە درێژ دەبێتەوە بۆ گەردوون، کەواتە دادپەروەری لە گەردوون لە دادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە دێت، خودی ماعت هێمای دادگەرایی و دادپەروەریە لە میسری کۆندا، ئەو دادپەروەری و هاوسەنگیەش لە کۆمەڵگەی میسری کۆندا هەمیشە هەوڵدراوە بە پارێزراوی بمێنێتەوە، بۆیە دەبینین هەردوو برا، باتا لە ڕێگەی قوربانیدان بە جەستەی خۆی بە برینی ئەندامی نێرینەی خۆی و بەرەنگار بوونەوەی ئالنگاریەکان لەلایەك و براکەی انوبیس دوای زانینی ڕاستییەکان بە تۆڵەکردنەوە و سوور بوونی لەسەر گێڕانەوەی براکەی و چاککردنی بارودۆخەکە ویستویانە ئەخلاقی خێزانی بپارێزن و دادپەروەری بێتە دی، تا چەمکی ماعت لە ڕووی ئەخلاقی خێزانی وەك داب و نەریتی کۆمەڵگەی میسری بمێنێتەوە(لامي، ٢٠١٥، ٥٢). کەواتە بە پێی ئەم چیرۆکە بێت، باتا وەك نموونەی پاکی و ڕاستگۆیی و بێتاوانی نمایش کراوە، خێزانی انوبیسیش نموونەی درۆ و فێڵە، لە کۆتاییشدا دادپەروەری سەرکەوتوو دەبێت و سزاش بۆ درۆ و ناڕاستی دەبێت(Lichtheim, 1976, 206).

فەلسەفەی گەیشتنی باتا بە لوتکەی دەسەڵاتیش هەر پەیوەندی بە جێبەجێ بوونی دادپەروەریەوە هەیە، نەك بابەتی بۆماوەیی و پشتاوپشت، چونکە پابەند بوونی ئەخلاقی و پاکیی دەروونی باتا بەرامبەر بە پرەنسیپ و بەها گرنگەکانی کۆمەڵگە ئەوی گەیاندە لوتکەی

دەسەڵات(Maspero, 2002, 18-19)، کەواتە چیرۆکەکە پەیرەوی لە بنەمای پاداشت و سزا دەکات بۆ هەر کارێك، چۆن باتا و انوبیسی برای پاداشت کران، لە بەرامبەردا بۆ هەر کارێکی نەشیاو و ناپەسەند بنەمای سزا پەیرەو دەکرێت، کە لە ماوەی چیرۆکەکەدا دوو حاڵەتی نەخوازراوی خیانەت و هەڵخەڵەتاندن و درۆ دەبینین، کە ئەوانە کاری ناپەسەندن و لە لایەن دوو ئافرەتەکەی خێزانی باتا و انوبیس ئەنجام دراون، لە بەرامبەر ئەو کارەدا هەردووکیان سزای مردنیان بەسەردا دەسەپێنرێت(مهران، ١٩٨٩، ١٢٤).

خودی چیرۆکەکە هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی گرنگی ژیانی مرۆڤ، ئەویش کێشە ئەخلاقیەکانە کاتێك ئافرەتێك هەوڵی کاری بەدڕەوشتی دەدات، کە خیانەتکردنە لە پرۆسەی هاوسەرگیری، ئەویش بە هەڵخەڵەتاندنی گەنجێکی پاك، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو درێژەی ئەم بابەتە درۆ و هەوڵی کوشتن و تاوانبارکردن و تۆڵەی لێدەکەوێتەوە(سليم و عبداللطيف، ٢٠١١، ٢٣٢)، لەم گۆشەیەدا خیانەت وەك قێزەونترین دیاردە خۆی نمایش دەکات، بەو پێیەی، کە گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر لێکترازانی خێزان و هەڵوەشانەوەی پەیوەندی هاوسەرگیری، لەو گۆشەیەوە ئیتر هەڵوەشانەوەی خێزان دەست پێدەکات، هەڵوەشانەوەی خێزانیش لێکترازانی کۆمەڵگەی لێدەکەوێتەوە، هەر لەبەر ئەو خاڵە هەستیارەی خیانەتە، دەبینین لە چیرۆکەکەدا ئەم بابەتە زۆر زەق کراوەتەوە و خاڵی دەستپێکی هەموو کێشەکانە(محسني، ١٣٨٦، ٣٢)، لێرەوە چیرۆکەکە هانی ئەندامانی کۆمەڵگە دەدات، کە لاسایی ڕێچکەی باتا بکەنەوە و بەو ئاراستەیەدا بڕۆن، کە باتا بەسەریدا ڕۆیشتوە، هەرچەند ڕێگەکە سەخت و دژوار بێت لە کۆتاییدا سەرکەوتن هەر بۆ هێزی خێر و ڕاستییە، دادپەروەری هەر بەدی دێت، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش دوا بکەوێت، واتا پارێزگاری لە ئەخلاقی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە دادپەروەری لە دوایە بە سەرکەوتنی هێزی خێر و چاکە.

### ٣.٣ ڕەهەندی ڕەگەزی (جێندەری)

چیرۆکی دوو برا کارەساتێکی کۆمەڵایەتییە، هەڵقوڵاوی ژیانی لادێیی میسری کۆنە، کە بناغەی دروست بوونی کۆمەڵگەیە، تیایدا جیاوازی جێندەری ڕەنگی داوەتەوە، چونکە دەبینین وێنای ئافرەتێکی شەڕانگێز دەکات بەرامبەر بە برای هاوسەرەکەی و ڕێگری دەکات لە مافی سەرپەرشتی کردنی برای بچووك لەلایەن برا گەورەکەی(علي، ٢٠٠٤، ٤٣٦)، کەواتە ڕەگەزی مێ لەم چیرۆکەدا بۆتە لایەنی نەرێنی و هەرچی تایبەتمەندی خراپە لە خیانەتی هاوسەری و بێ وەفایی و خۆفرۆشتن بەرامبەر بە زێڕ و زیو دراوەتە پاڵ ئافرەت، بەپێی دەقی چیرۆکەکە: ((خاوەنشکۆ فەرمانیکرد ئەمجارە ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان و جەنگاوەران بە ئەسپ و گالیسکەوە گەشت بکەن ... بۆ هێنانی کچی خواوەند. ئافرەتێك هاوڕێیەتیانی دەکرد، کە خاوەنشکۆ جوانترین خشڵەکانی پێدابوو، ئەو خشڵانەی سەرنجی هەموو ئافرەتێك ڕادەکێشێ، ئینجا گەڕانەوە و ئافرەتەکەیان لەگەڵ خۆیان هێنا))(حسن، ٢٠٠٠، ٩٧). کاتێك فرعون خەڵکانێك دەنێرێت بۆ هێنانی شازادەکە و خشڵ و زێڕ و زیوی بۆ دەنێرێت، ئەویش هەرچەندە خواوەندەکان بە تایبەت دروستیان کردوە بۆ باتا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر خۆی بەدەستەوە دەدات، هەروەها دوای ئەوەی خێزانەکەی انوبیس هەوڵی

بەدەستهێنانی باتا دەدات و تیایدا سەرکەوتوو نابێت، ئەوە لە پاڵ خیانەتەکەدا درۆش هەڵدەبەستێ، کەواتە لە کۆی چیرۆکەکەدا تایبەتمەندی شەڕانگێزی دراوەتە پاڵ ڕەگەزی مێ و لە بەرامبەردا ڕەگەزی نێر بە زوڵملێکراو و لایەنی خێر دانراوە(Robins, 1993, 145).
ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە کۆمەڵگە پیاو سالاری بووە و لە زۆربەی کاتەکاندا لایەنە ئەرێنییەکان دراوەتە پاڵ ڕەگەزی نێر و لایەنە نەرێنییەکانیش دراوەتە پاش ڕەگەزی مێ لە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، ئەمەش پێگەی نێر سەرووتر و بەرزتر دەکات لە کۆمەڵگەی میسری، ئەمەش نەك بە ڕێککەوت بووبێ، بەڵکو جیاوازی ڕەگەزی و نزم کردنەوەی ڕەگەزی مێ لە بەرامبەر ڕەگەزی نێر لە چیرۆکەکە بە ڕوونی دیارە، ئەگەر سەیری خێزانی باتا بکەین، ئەوا هەرچەندە خواوەندەکان بە تایبەت ئەفراندویانە، بەڵام دەبینین بەرامبەر بە زێر و زیو چۆك دادەدا و هاوسەرەکەی بەجێدەهێڵێ، دواتر هەر بەوەندە ناوەستێ، بەڵکو داوا لە فرعون دەکات ئەو دارە ببڕێتەوە، کە دڵی هاوسەرەکەی لەسەریەتی، دوای ئەمەش هەر ناوەستێ، داوا لە فرعون دەکات ئەو گایە سەرببڕێ، کە هاوسەرەکەی خۆی تیایدا بەرجەستە کردوە(ماسبیرو، ٢٠٠٨، ٩٥-٩٦)، کەواتە هەموو ئەمانە کاری قێزەونن بە ئەنقەست خراونەتە پاڵ ڕەگەزی مێ، لە بەرمبەردا لە هەموو چیرۆکەکە کارێکی هاوشێوەی ئەو کارانە نابینین لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە ئەنجام درابێ، ئەگەر کارێکی نەرێنیش هەبێت، ئەوا لەسەر داوای ڕەگەزی مێ بووە، وەك هەوڵدان بۆ کوشتنی باتا لەلایەن انوبیسی برا بە داوا و فێڵێ خێزانی انوبیس، دووجار هەوڵدان بۆ کوشتنی باتا لەلایەن فرعونەوە لەسەر داوای خێزانەکەی باتا خۆی، ئەمەش جیاوازیەکی ئاشکرای جێندەریە لە چیرۆکەکەدا، کە ئەوەمان بۆ دەردەخات ئەم چیرۆکە ڕەگەزی نێر لە دروستی کردنیدا پشکی شێری بەردەکەوێت.

### ٣.٤ پیرۆزی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری وەك بەشێك لە ڕەهەندی ئابووری

بەو پێیەی، کە ئابووری کۆڵەگە و داینەمۆی وەگەڕخستن و ژیان و بەردەوامیی کۆمەڵگەیە، لە سەرەتای چیرۆکەکە باس لە سیستەمێکی ئابووری کشتوکاڵی دەکات لە کۆمەڵگەی میسری، خێزانیش وەك یەکەی بەرهەمهێنان دەناسێنێت، کاتێك لە سەرەتای چیرۆکەکەدا ئەو دەقە هاتووە، کە دەڵێت: ((برا بچووکەکە لەسەری بوو کە جل و بەرگ دروست بکات و شوانکارەیی بکات لە کێڵگەکەیان، هەروەها هەڵسێ بە کاری جووتیاری. هەموو کاری کێڵگەکەی دەکرد لەبەر ئەوەی کرێکارێکی کارامە بوو لە هەموو زەویدا وێنەی نەبوو))(ماسبیرو، ٢٠٠٨، ٨٤). ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە ئەرکی خێزان هەر تەنها پەروەردە کردن و پێگەیاندنی منداڵ نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا یەکەیەکی ئابووری و بەرهەمهێنان بووە، خێزان وەك کۆمپانیایەکی بازرگانیە لە ژێر سەرپەرشتی و چاودێری باوك ئەرکی بەرهەمهێنان ئەنجام دەدرێت، دوای کۆچی دوایی باوکیش ئەم ڕێکخراوە خێزانییە ئابووریە لەسەر دەستی برای گەورە بەڕێوە دەبرێت، ئەم باوك و یان برا گەورەیە لە ڕووە ئابووریەکەوە لە پاڵ ئەرکی بەرهەمهێنان، ئەرکێکی دیکەشی هەیە، ئەویش بەرپرسیاریەتی دابین کردنی پێداویستییەکانی خێزانەکەیە(وثوقی و خلق، ١٣٧٣، ١٧٩-١٨٠).

دواتریش، کە دێتە سەر هەرەوەزی و کاری پێکەوەیی بۆ داچاندن و بەرهەمهێنانی کێڵگەیی، دیسان هەردوو برا ئەرکی بەڕێوەبردن و بەرهەمهێنانی کێڵگەکە لە ئەستۆ دەگرن بە سەرکردایەتی برا گەورەکە، خودی سەرهەڵدانی کێشەکەش ئەوکاتە بووە، کە انوبیس هەڵدەستێ بە ناردنی باتای برای بۆ هێنانی دانەوێڵە بۆ کێڵگەکەیان تا بیچێنن، کە دەقەکە دەڵێت: ((برا گەورەکە پەلەی لە برا بچووکەکە کرد و پێی گووت: بڕۆ لە گوندەکەمان تووی داچاندنەکە بهێنە!)) ئەمەش جەخت کردنەوەیە لەسەر گرنگی کشتوکاڵ و پتەوی پەیوەندی نێوان کشتوکاڵ و خێزان وەك دوو کۆلەگەی بەردەوامیی کۆمەڵگە، بە کۆی ئەو ڕووداوانەی چیرۆکەکە سەبارەت بە ئابووری و خێزان بۆمان دەردەکەوێت، کە خێزان یەکەی بنەڕەتی ئابووری بووە لە میسر و کاریش تەنها بۆ ژیان نیە، بەڵکو بەشێکی گرنگە بۆ دروستکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان(Trigger, 1983, 185).

سەبارەت بە ئاژەڵداریش، دەبینین باتا لە زمانی مانگاکان تێدەگات و سێ جار لە دارشتنی چیرۆکەکەدا ئەم ئاماژەیە هاتووە، یەکەمیان کاتێك مانگاکان خۆیان باس شوێنی لەوەڕێکی خۆش دەکەن، دووەم ئەوکاتەی، کە مانگاکە ئاگاداری دەکاتەوە لە بۆسەی انوبیس، کە هەوڵی کوشتنی باتا دەدات، سێیەمیش ئەوکاتەیە، کە باتا خۆی دەبێت بە گا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەم ڕێز و پێگە بەرز و تایبەتەیە، کە ئاژەڵەکان لە میسری کۆندا هەیانە. کەواتە چیرۆکەکە پێمان دەڵێت، کە ئابووری و کۆمەڵگە دووانەیەکی لێکدانەبڕاون و بەبێ یەکتر هەڵناکەن لە میسری کۆندا، بەڵگەی ئەمەشمان ئەوەیە، کاتێك باتا ڕادەکات و گوندەکە بەجێدەهێڵێ لەوبەری ئاوەکە هەڕەشە لە براکەی دەکات و پێی دەڵێت، کە ئیتر خۆی سەرپەرشتی گارانەکە بکات و کێڵگەکەی بەڕێوە ببات(حسن، ٢٠٠٠، ٩٥)، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە لاوازی ئابووری لاوازی کۆمەڵایەتی بەدواوەیە، هەر لەبەر ئەوەیە، کە دەبینین لە سەختترین دۆخدا باتا جەخت دەکاتەوە لەسەر بەڕێوەبردنی کێڵگەکە و بەخێوکردنی گارانەکە لەلایەن انوبیس، چونکە ئیتر دوای باتا ئەمە دەبێتە خاڵی لاوازی خێزانەکە و تیایدا زیانمەند دەبن یام لە کار و پڕۆژەکانیان سەرکەوتوو نابن دوای باتا.

### ٣.٥ ڕەهەندی ئاینی

دەقە ئەدەبییەکان، لە ناویاندا چیرۆك و ئەفسانە ئایینیەکان، باڵی تەواویان بەسەر خەیاڵە ئەدەبییەکاندا کێشاوە و هەمیشە چەمکی خواوەند و ئایین تێکەڵ بە جیهانی ئەفسانەکان کراوە و پێشکەشی کۆمەڵگە کراون، هەمیشە ئەو چیرۆك و ئەفسانانە کاریگەر و ڕۆڵیان هەبووە لەسەر دەروونی کۆمەڵگە و ئاراستەی کۆمەڵگە دەکات بۆ ئەو مەبەستەی بۆی دارێژراوە، بە پێی سەردەم و بارودۆخ و بیروباوەڕی کۆمەڵگە(Cox, 2014, 25).

لەم چیرۆکەدا تێکەڵ بوونی ژیانی خواوەندەکان و مرۆڤەکان دەبینین، کە تیایدا خواوەندەکان دەست لە چارەنووسی باتا دەدەن و بڕیار لەسەر ژیانی دەدەن، گۆڕانکاریەکانی باتا لە مرۆڤ و گا و لەوێ بۆ دار و جارێکی دیکە زیندوو بوونەوە (Lichtheim, 1976, 208)، ئەم تێکەڵ بوونە بەردەوامە و چەندجار زیندوو بوونەوەی باتا، هەڵقولاوی باوەڕ



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بوونی میسریەکانە بە ژیانی دوای مردن، کە یەکێك بوو لە بنەڕەتترین بنەماکانی ئایینی، بە جۆرێك، کە مردن نەك کۆتایی ژیان نییە، بەڵکو گواستنەوەیەکە بۆ ژیانێکی هەمیشەیی، هەروەها باوەڕیان وا بوو، کە ڕۆحی مرۆڤ دوای مردن دەچێتە دادگای خواوەندی مردوان بە ناوی (اوزیریس)، هەر لەسەر ئەم بنچینەیەش باتا ئەم هەموو گۆڕانکاریەی بەسەردا هات(Taylor, 2001, 33)، هەر لە بنەڕەتدا هەندێ توێژەر وای بۆ دەچن خۆی چیرۆکەکە هەڵقوڵاوی ئەفسانەی ئایینیە دەربارەی هەندێ خواوەندی میسری کۆن، خودی ناوەکانی باتا و انوبیس لە بنەڕەتدا ناوی دوو خواوەندی ناسراوی کۆنی میسرین بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگە و دروست کردنی کاریگەری خراونەتە ناو چوارچێوەی ئەم چیرۆکەوە، ئەمەش بۆ داپۆشینی چیرۆکەکەیە بە بەرگێکی ئایینی بۆ دروست کردنی کاریگەری لەسەر هەست و دەروونی کۆمەڵگە و ئاراستە کردنی بۆ ئەنجامندانی کردەوە دزێوەکان و نەرێنییەکان(سليم و عبداللطيف، ٢٠١١، ٣٢٣)، کەواتە چیرۆکەکە دەچێتە سەر بنەماکانی ئەفسانەی میسری کۆن لە مردن و ژیان و زیندوو بوونەوە و بەردەوامی ژیان و هەتا هەتایی، ئەمەش لە ڕێگەی چوونە سەر شێوەی درەخت و گا، ئەمانە هەمووی بە ڕێچکە داڕێشتن و لاسایی کردنەوەی خواوەندەکانە، وەك دانانی دڵی باتا لەسەر گوڵی درەختی سنەوبەر، درێژە پێدەری هەمان سیناریۆی لە دایك بوونی کوڕی خواوەند (رع)ە، کە پێش لە دایك بوونی لەسەر گوڵی لۆتس دانراوە(لالويت، ١٩٨٧، ٢٣٩)، جگە لەمانە دەبینین خواوەندەکان لە سەرەتادا دەبنە فریادڕەس و ڕزگارکەری باتا کاتێك سنوورێکی ئاوی دەخەنە نێوان باتا و انوبیس تا لە کوشتن بیپارێزن، دواتر خێزانێك بۆ باتا دێننە بوون، هەروەها سوێند خواردنی نێوان براکان و تەنانەت ئافرەتەکانیش هەر بە ناوی خواوەندەوە بووە، کە ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی متمانە و دڵنیایی، لەلایەکی دیکەدا هاوار کردنیش هەر بۆ خواوەند بووە لەلایەن باتای برا بچووك، بۆ ئەوەی خواوەند ڕزگاری بکات و دادپەروەری بچەسپێنێ و مافی بۆ بگەڕێنێتەوە، کەواتە لایەنی ئایینی و خودی خواوەندەکان کارەکتەرێکی گرنگی ناو چیرۆکەکەن و ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە ڕووداوەکاندا.

### ٣.٦ ڕەهەندی چینایەتی و گۆڕانکاری ئاستەکان

چیرۆکەکە گەشتێکی کۆمەڵایەتییە، وەچەرخانێکە لە نزمترین چینی کۆمەڵگە، کە کار و ئەرکی کرێکاری و گاوانیە، بۆ بەرزترین پلەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی وڵات، کە فرعەونە، ئەوەمان پێدەڵێت، کە دەکرێت تاکێکی کۆمەڵگە لە ڕیزەکانی خوارەوەی چینایەتی کۆمەڵگەکە بێت، کەچی بێتە سەر تەختی پاشایی و لوتکەی ڕیزبەندی چینەکانی کۆمەڵگە، بە مەرجێك پاکی و ڕاستگۆیی خۆی بپارێزێ و خۆی نەداتە دەست ئارەزووەکانی، هەروەها لە میانەی چیرۆکەکەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە چۆن ژیانی گوندنشینی و کشتوکاڵی و گاوانی دەگۆڕێت بۆ ژیانی کۆشك و تەلار و شاهانەیی، ئەمەش گۆڕانکاریەکی بنەڕەتیە (Simpson, 2003, 80).

شایانی باسە هەموومان دەزانین، کە گۆڕانکاری چینایەتی لە میسری کۆندا ئەرکێکی ئاسان نییە و حاڵەتێکی دەگمەنە، چونکە ڕیزبەندی چینایەتی لە میسری کۆندا پتەو و دامەزراو

و سەقامگیرە بە جۆرێك، كە گواستنەوە لە ئاستێك بۆ ئاستێكی باڵاتر بە دەگمەن ڕوویداوە، بەڵكو ئەم گۆڕانكاریەی لە چیرۆكەكەدا ئاماژە پێكراوە زیاتر گۆڕانكاریەكی ئەدەبی و میتافیزیكیە(Lloyd, 2010, 342 - 344)، كەواتە لە ڕەهەندی چینایەتی و گۆڕانكاریەكانی، چیرۆكەكە پێمان دەڵێت، ئەگەر مرۆڤ هاوشێوەی باتا پاك و بێگەرد و خاوەن ئەخلاق و دوور لە خیانەت بێت و بنەما سەرەكییەكان و داب و نەریتی كۆمەڵگە بپارێزێت و قوربانی بدات لەم ڕێگەیە، ئەوا خواوەندەكانیش هاوكاری دەكەن بۆ ئەوەی پلەی بەرزبێتەوە تا ئاستی پاشای وڵات و ئاستی چینایەتی دەكرێ بگۆڕێت، بۆیە هەموو ئەم گۆڕانكاریە چینایەتیانەی لە چیرۆكەكەدا ڕوویانداوە، كردنەوەی دەرگای ئەگەرەكانە بۆ گۆڕانێك لە ڕیزبەندی چیانەیەتی بەپێی بارودۆخ و ڕووداو و پێشهاتەكان.

### ٣.٧ ڕەهەندی دەسەڵات و ڕژێمی كۆمەڵایەتی

چیرۆكەكە لە سەرەتا و كۆتاییدا بە سیستەمی دەسەڵات دەست پێدەكات، لە سەرەتادا دەبینین چۆن برا گەورە دەسەڵاتی هەیە بەسەر تەواوی خێزانەكەدا، كە ئەمە دەسەڵاتی كۆمەڵایەتییە، لە بەشی كۆتایی چیرۆكەكەشدا دەسەڵاتێكی ڕامیاری دەبینین، كە بەستراوەتەوە بە چیرۆكەكە، كاتێك باتا دەبێتە فرعون و براكەی انوبیس دەكاتە جێنشین، ئەوەمان پێدەڵێت، كە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی لە میسری كۆندا پەیوەندی بە ویستی خواوەندەكان و توانای كەسەكەوە هەیە، باتا بە چەندین تاقیكردنەوەی مردن و ژیانەوەدا تێدەپەڕیت، ئەمەش بۆ وەرگرتنی پێگەی خواوەندیە، كە تیایدا مەبەست وەرگرتنی ڕەوایەتی (شەرعیەتی) دەسەڵاتە لەسەر زەوی(Hollis, 2008, 145-147)، هەروەها كاتێك دەبینین برای بچووك دەبێتە فەرمانڕەوا، ئەوا پەیامی ئەوەمان پێدەدات، كە خواوەندەكان باتایان هەڵبژاردوە بەسەر برا گەورەكە بۆ فەرمانڕەوایی چونكە فەرمانڕەوایی ئەم جۆرە كەسایەتییەی دەوێ (Simpson, 2003, 80). جگە لەمانە لە گۆشەی ڕامیاریەوە ئەوەش هەست پێدەكەین، كە باتا دەبێتە فەرمانڕەوا، ئەوا لەلایەن خواوەندەكانەوە پارێزگاری لێدەكرێت، ئەمەش بۆ گوێڕایەڵ بوون و ملكەچ بوونی كۆمەڵگەیە، هەر كەسێك دژی فەرمانڕەوا بوەستێ و گوێڕایەڵی نەكات وەك خێزانە ناپاكەكەی باتا، ئەوا تووشی سزای خواوەندەكان دەبێتەوە (Lichtheim, 1976, 203).

هەروەها لە گۆشەیەكی دیكەدا، ئەم چیرۆكە پێمان دەڵێت، كە ڕژێمی فەرمانڕەوایی لە میسری كۆندا سەرەتا لە ماڵ و خێزان و كۆمەڵگە دەست پێدەكات تا دەگاتە هەرەمی دەوڵەت، واتا بە شێوازێكی دیكە، خێزانیش دەوڵەتێكی بچووككراوەیە، چونكە بە جۆرێك دەبینین انوبیس لە سەرەتادا لەناو خێزان ڕۆڵی فەرمانڕەوا دەبینێ ئەم دەسەڵاتەشی لە پێگەی خێزان و دابی كۆمەڵگە وەرگرتوە نەك یاسا، باتاش ڕۆڵی جەماوەر و ژێردەست دەبینێ، ئەم ڕۆڵەش خێزان و كۆمەڵگە بە باتای داوە(Kemp, 2006, 201-202)، كاتێك باتا دەبێتە فەرمانڕەوا و انوبیسی برای دەكاتە شازادەی جێنشین، ئەوا بەهەمان شێوە لەناو ڕژێمە ڕامیاریەكە ڕژێمی خێزانی ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ و دەبنە تەواوكەری یەكتر بە جۆرێك بە پشتیوانی خێزانیی و لایەنی كۆمەڵایەتی، فەرمانڕەوایی بەهێزتر دەبێت.

**٤. ئەنجام**

لە بەدواداچوون و شیکردنەوەی ئەم توێژینەوەیەدا لە ڕووداوەکانی چیرۆکی دووبرا، سەبارەت بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی میسری کۆن لە سەردەمی دەوڵەتی نوێدا ١٥٦٩ – ١٠٨١ پ.ز، گەیشتینە ئەم ئەنجامەی، کە چیرۆکەکە تەنها ئەفسانەیەکی خەیاڵی دوور لە ڕاستی نیە، بەڵکو ئاوێنەیەکە تیایدا داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی میسری تیایدا ڕەنگی داوەتەوە، هەر چەندە ئەم چیرۆکە پشتی بەستوە بە ڕەهەندی ئایینی و خواوەندەکان، ئەمانە کارەکتەرێکی کاریگەری چیرۆکەکەن، بەڵام لە کۆتاییدا هەموو چیرۆکەکە بۆ دروست کردنی کاریگەریە لەسەر هزر و بیری کۆمەڵگە.

لەم چیرۆکەدا یەکگرتوویی و پتەوی پەیوەندیە خێزانییەکان و مانەوەی خێزان لەسەر بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان پێوەرە بۆ سەرکەوتنی مرۆڤ، کە تیایدا ئەو مرۆڤەی ڕێز لە بەها پیرۆز و گرنگەکانی ئەخلاقی خێزان و کۆمەڵگە بگرێت، ئەوا پاداشت دەکرێت و بە پێچەوانەوەش سزا چاوەڕێی دەکات، ئەم دەستگرتنە بە بەها ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگە قوڵ دەبێتەوە بۆ بابەتی دادپەروەری و تیایدا خواوەندەکان دەبنە کارەکتەری دادگەرایی و جێبەجێکردنی ئەم دادپەروەریە، کە لە کۆتاییدا دادپەروەری دەچەسپێ و هەر کەسێك ئەوە وەردەگرێت، کە شایەنیەتی. بۆیە دەبینین لە چیرۆکەکەدا خێزان و دادپەروەری و ئەخلاق سیانییەکی لێکدانەبڕاون، کە بەستراونەتەوە بە ئایین و فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردن.

لە چیرۆکەکەدا ڕەهەندی ئابووری لە تایبەتمەندی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری گرنگی زۆری پێدراوە و بۆتە هەوێنی چیرۆکەکە، کە وێنایەکی ڕەنگاو ڕەنگی ژیانی نیشتەجێی گوندی دەکات لە میسری کۆندا وەك ئەوەی، کە پێمان دەڵێت، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری پێویستی بە هەرەوەزی و کاری خێزانیی هەیە بۆ ئەوەی بگاتە بەرهەم، لە بەرامبەردا خێزانیش پێویستی بەو کشتوکاڵ و ئاژەڵداریە هەیە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت.

ڕەهەندێکی دیکەی چیرۆکەکە بریتییە لە ڕەهەندی ڕەگەزیی، کە تیایدا کارەکتەری چیرۆکەکە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لەخۆ دەگرێت، بەڵام زۆر بە ڕاشکاوی و ئاشکرا و ڕوونی، ڕەگەزی مێ تەواوی تاوانەکانی خیانەت و درۆ و هەڵخەڵەتاندنی دەدرێتە پاڵ، لە بەرامبەردا ڕەگەزی نێر پاك و بێگەرد و هەڵخەڵەتێنراو نیشان دەدات، کەواتە بە ڕوونی پیاو سالاری و باڵا دەستی ڕەگەزی نێر بەسەر ڕووداوەکاندا دیارە، لە کۆتایی چیرۆکەکەش ئەوەی سزا دەدرێت ڕەگەزی مێیە و ئەوەی پاداشت دەکرێت ڕەگەزی نێرە.

کۆمەڵگەی میسری یەکێك بووە لەو کۆمەڵگە شارستانیانەی، کە بنەمای سزا و پاداشتی پەیرەو کردوە، لە چیرۆکەکەدا زۆر بە ڕوونی ئەوە خراوەتە ڕوو، کە لە کۆمەڵگەی میسری بنەمای پاداشت و سزا پەیرەو دەکرێت، ئەو کارە باشانەی، کە لەلایەن کەسێکەوە ئەنجام دەدرێت و بنەما پیرۆزەکانی کۆمەڵگە دەپارێزێت ئەوا پاداشت دەکرێت، کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو پاداشتە بگاتە ئاستی وەرگرتنی پلەی فەرمانڕەوایی وڵات، ئەمەش لەبەر پاراستنی شکۆی خێزان و کۆمەڵگە، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، ئەو کەسەی کارێك دەکات و

بەهۆیەوە شكۆمەندی خێزان و كۆمەڵگە بكەوێتە ژێر هەڕەشە و تێكچوون، ئەوا سزا دەدرێ تا ئاستی مەرگ و لاشەكەشی دەدرێتە گیانلەبەری دڕندە.

سەبارەت بە ڕەهەندی چینایەتی لە چیرۆكی دوو برا، ئەوا لە ڕووداوەكانی ناو چیرۆكەكەدا بۆمان دەردەكەوێت، كە دەكرێت مرۆڤێك لە ئەنجامی پابەندبوونی بە بنەما سەرەكی و پیرۆزەكانی خێزان و كۆمەڵگە ئاستی چینەكەی بگۆڕێت بۆ سەرووتر، كە ئەمە لە مێژووی كۆندا لە حاڵەتە دەگمەنەكانە، بەڵام دیسان كارەكتەری ناو چیرۆكەكە باتا، لەبەر پابەندبوونی بە ئەخلاق و بنەما پیرۆزەكانی خێزان لە گاوان و جوتیارێك، كە لە چینی گشتی خەڵكە بوو بە فرعون و گەیشتە لوتكەی هەرەمی چینایەتی.

ئەم چیرۆكە ڕەهەندە كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگەی میسری كۆن قوڵ دەكاتەوە بۆ دوای مردنیش، لە دیمەن و ڕووداوەكانی ناو چیرۆكەكەدا ئەوە بە ڕوونی دەردەكەوێت، كە كۆمەڵگەی میسری كۆن باوەڕی بە ژیانی دوای مردن یان دووبارە زیندوو بوونەوە هەیە، چونكە دەبینین باتا لە چەند دیمەنێكدا دەمرێ و كارەكتەرەكانی بەردەوامی پێدەدات دوای مردنیش بە شێوەی گا یان درەخت دێتەوە گۆڕەپانەكە و بەردەوامی بە ژیان و چالاكییەكانی دەدات بە شێوازی جۆراوجۆر.

سەبارەت بە ڕەهەندی ڕامیاریش، ئەوا چیرۆكەكە تیشك دەخاتە سەر ئەوەی، كە ژیانی كۆمەڵگەی میسری وابەستەیە لەنێوان خواوەندەكان و فەرمانڕەوا و خەڵك بۆیە دەبێ كەسێك ببێتە فەرمانڕەوا تا بتوانێ پردی پەیوەندی نێوان خواوەندەكان و خەڵك بێت لەسەر بنەمای ڕاستی و پاكی، ئەو كەسەی دەبێتە فەرمانڕەوا دەبێ كەسێك بێت ڕێز لە بەها پیرۆزەكانی كۆمەڵگە بگرێت و ڕەوشتی بەرز بێت وەك باتا.

بە گشتی چیرۆكی دوو برا ئامرازێكی دوو سەرەیە، لە سەرێكدا هانی ئەندامانی كۆمەڵگە دەدات بۆ ئەوەی پەیڕەوی بكەن لە هەرچی كردار و هەڵسوكەوتی باشە، وەك ڕاستگۆیی و پاكی و متمانە و دوور بكەونەوە لە هەرچی درۆ و فێڵ و خیانەتە لە سەرەكەی دیكەدا ئاوێنەیەكە تیایدا ڕەهەندە كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگەی میسری كۆن دەبینین. بەم شێوەیە دەبینین ئەدەب بەكارهاتووە بۆ ڕێكخستن و ئاراستە كردنی كۆمەڵگە.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

**٥. ليستى سەرچاوەكان**

**٥.١ بە زمانى عەرەبى:**


١-الماجدى، خزعل. (٢٠٢٠). الحضارة المصرية، الطبعة الثالثة، منشورات تكوين للنشر و التوزيع، بغداد، العراق.

٢-حسن، سليم. (٢٠٠٠). موسوعة مصر القديمة – الأدب المصري القديم، الجزء ١٧، مكتبة الأسرة، القاهرة، مصر.

٣-دوما، فرانسوا. (١٩٩٨). حضارة مصر الفرعونية، ترجمة: ماهر جويجاتي، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة، مصر.

٤-سليم و عبداللطيف، أحمد أمين و سوزان عباس. (٢٠٠٨). دراسات في تاريخ و مصر الفرعونية منذ أقدم العصور وحتى دخول الإسكندر المقدونى، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، مصر.

٥-سليم و عبداللطيف، أحمد أمين و سوزان عباس. (٢٠١١). دراسات في تاريخ و حضارة الشرق الأدنى القديم في حضارة مصر القديمة، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، مصر.

٦-علي، رمضان عبده. (٢٠٠٤). حضارة مصر القديمة منذ أقدم العصور حتى نهاية عصور الاسرات الوطنية، الجزء الثاني، تقديم: زاهي حواس، المجلس العلى للآثار، القاهرة، مصر.

٧-غربال و عامر وحزين و حسن و أبو بكر و سماحة و غليونجي و فخري و ميخائيل و كمال و مختار و صالح، محمد شفيق و مصطفى و سليمان و سليم و عبدالمنعم و

عبدالحميد و بول و أحمد و نجيب و محرم و جمال الدين و عبدالعزيز. (دون سنة طبع)، تاريخ الحضارة المصرية، المجلد الأول، مكتبة النهضة المصرية، الاسكندرية، مصر.

٨-كلارك، رندل. (١٩٨٨). الرمز و الاسطورة في مصر القديمة، ترجمة: أحمد صليحة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر.

٩-لامي، لوسي. (٢٠١٥). أسرار الحضارة المصرية نظرة جديدة على الحكمة القديمة، ترجمة: صفاء محمد، القاهرة، مصر.

١٠-لالويت، كلير. (١٩٨٧). نصوص مقدسة و نصوص دنيوية من مصر القديمة، المجلد الثاني الأساطير و القصص و الشعر، ترجمة: ماهر جويجاتي، الطبعة الاولى، دار الفكر للدراسات و النشر و التوزيع، القاهرة، مصر.

١١-ماسبيرو، جاستون. (٢٠٠٨). حكايات شعبية فرعونية، ترجمة: فاطمة عبدالله محمد، مراجعة و تقديم: دكتور محمود ماهر طه، الطبعة الأولى، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، مصر.

١٢-مهران، محمد بيومي. (١٩٨٩). مصر و الشرق الادنى القديم – الحضارة المصرية القديمة، الجزء الأول للأدب و العلوم، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، مصر.

**٥.٢ به زمانی ئینگلیزی:**

13-Birch, Samuel. (1860). Select Papyri in the Hieratic Character from the Collections of the British Museum. Part II. British Museum Publications.

14-Cox, Alys. (2014). Gods, Knowledge and Power in Ancient Egyptian Tales: Narratology and the story of The Doomed Prince, Cult and Belief in Ancient Egypt, Proceedings of the Fourth International Congress for Young Egyptologists 25–27 September 2012, New Bulgarian University, Sofia, Bulgaria.

15-Erman, Adolf. (1894). Life in Ancient Egypt, Translate by: H. M. Tirard, London macmillan and co.

16-Hollis, Susan Tower. (2008). The Ancient Egyptian "Tale of Two Brothers": A Mythological, Religious, and Literary Analysis, 2nd ed, Oakville, CT: Bannerstone Press, US.

17-Kemp, Barry J. (2006). Ancient Egypt: Anatomy of a Civilization, 2nd Ed, Routledge Publishing House, London, UK.

18-Lloyd, Alan B. (2010). A Companion to Ancient Egypt, Oxford University Press, Oxford, UK.

19-Lochtheim, Miriam. (1976). Ancient Egyptian Literature, Volume 11, University of California Press, Berkeley, USA.

20-Maspero, Gaston. (2002). Popular Stories of Ancient Egypt, Translated by Mrs. C.H.W. Johns, Second Edition, Oxford University Press / ABC-CLIO, UK.

21-Moldenke, Charles E. (1898). The Tale of Two Brothers: A Fairy Tale of Ancient Egypt (The Hieratic Text), Watchmaker Publishing, USA.

22-Quirke and Spencer, Stephen and Jeffrey. (2006). The British Museum Book of Ancient Egypt, British Museum Press, UK.

23-Robins, Gay. (1993). Woman in Ancient Egypt, Harvard University Press, Cambridge, USA.

24-Salim, Rana. (2013). Cultural Identity and Self-presentation in Ancient Egyptian Fictional Narratives. An Intertextual Study of Narrative Motifs from the Middle Kingdom to the Roman Period, PhD Thesis, Department of Cross-Cultural and Regional Studies, Faculty of Humanities, University of Copenhagen.

25-Simpson, William Kelly. (2003). The Literature of Ancient Egypt, An Anthology of Stories, Instruction, Stelae, Autobiographies and Poetry, Yale University Press, New Haven, USA.

26-Taylor, John H. (2001). Death and the Afterlife in Ancient Egypt, University of Chicago Press, Chicago, USA.

27-Trigger, Bruce G. (1983). Ancient Egypt: A Social History, Cambridge University Press, UK.

٥.٣ به زمانى فارسى:

٢٨- ريتزر و جی و گودمن، جورج و داگلاس. (١٣٩٣). نظريه جامعه شناسی مدرن، ترجمه، خلیل میرزایی و عباس لطفی زاده، چاپ دوم، انتشارات جامعه شناسان، تهران، ایران.
٢٩- محسنی، منوچهر. (١٣٨٦). جامعه‌شناسی انحرافات، چاپ اول، انتشارات طهوری، تهران، ایران.
٣٠- وثوقی و خلق، منصو و علی أکبر نيك. (١٣٧٣). مبانی جامعه‌شناسی، چاپ هفتم، انتشارات خردمندان، تهران، ایران.

**٥.٤ سایتی مۆزەخانەی بەریتانی:**

31-The British Museum, www.britishmuseum.org/collection/object/Y_EA10183-10?selectedImageId=438155001.

5. List of Sources

5.1 Arabic Times:

1- Al-Majidi, Khaz'al. (2020). Egyptian Civilization, Third Edition, Takween Publishing and Distribution, Baghdad, Iraq.

2- Hassan, Salim. (2000). Encyclopedia of Ancient Egypt - Ancient Egyptian Literature, Volume 17, Family Library, Cairo, Egypt.

3- Dumas, François. (1998). The Civilization of Pharaonic Egypt, translated by Maher Juwaijati, Supreme Council of Culture, Cairo, Egypt.

4- Salim, Abdel-Latif, Ahmed Amin, and Suzanne Abbas. (2008). Studies in the History of Pharaonic Egypt from the Earliest Times until the Arrival of Alexander the Great, University Knowledge House, Alexandria, Egypt.

5- Salim, Abdel-Latif, Ahmed Amin, and Suzanne Abbas. (2011). Studies in the History and Civilization of the Ancient Near East in the Civilization of Ancient Egypt, University Knowledge House, Alexandria, Egypt.

6- Ali, Ramadan Abdo. (2004). The Civilization of Ancient Egypt from the Earliest Times to the End of the National Dynasties, Part Two, Introduction by: Zahi Hawass, Supreme Council of Antiquities, Cairo, Egypt.

7- Gharbal, Amer, Hazin, Hassan, Abu Bakr, Samaha, Ghalyounji, Fakhry, Mikhail, Kamal, Mukhtar, Saleh, Muhammad Shafiq, Mustafa, Suleiman, Salim, Abdel Moneim, Abdel Hamid, Paul, Ahmed, Naguib, Muharram, Gamal El-Din, and Abdel Aziz. (No publication date), History of Egyptian Civilization, Volume One, Egyptian Renaissance Library, Alexandria, Egypt.

8- Clark, Randle. (1988). Symbol and Myth in Ancient Egypt, Translated by: Ahmed Saliha, Egyptian General Book Organization, Egypt.

9- Lamy, Lucy. (2015). Secrets of Egyptian Civilization: A New Look at Ancient Wisdom, translated by Safaa Muhammad, Cairo, Egypt.

10- Lalouette, Claire. (1987). Sacred and Secular Texts from Ancient Egypt, Volume Two: Myths, Stories, and Poetry, translated by Maher Juwaijati, First Edition, Dar Al-Fikr for Studies, Publishing, and Distribution, Cairo, Egypt.

11- Maspero, Gaston. (2008). Pharaonic Folk Tales, translated by Fatima Abdullah Muhammad, reviewed and introduced by Dr. Mahmoud Maher Taha, First Edition, Egyptian General Book Organization, Cairo, Egypt.

12- Mehran, Muhammad Bayumi. (1989). Egypt and the Ancient Near East – Ancient Egyptian Civilization, Part One: Literature and Science, Dar Al-Ma'rifa Al-Jami'iya, Alexandria, Egypt.

5.2 in English:

1- Birch, Samuel. (1860). Select Papyri in the Hieratic Character from the Collections of the British Museum. Part II. British Museum Publications.

2- Cox, Alys. (2014). Gods, Knowledge and Power in Ancient Egyptian Tales: Narratology and the story of The Doomed Prince, Cult and Belief in Ancient Egypt, Proceedings of the Fourth International Congress for Young Egyptologists 25–27 September 2012, New Bulgarian University, Sofia, Bulgaria.

3- Erman, Adolf. (1894). Life in Ancient Egypt, Translate by: H. M. Tirard, London macmillan and co.

4- Hollis, Susan Tower. (2008). The Ancient Egyptian "Tale of Two Brothers": A Mythological, Religious, and Literary Analysis, 2nd ed, Oakville, CT: Bannerstone Press, US.

5- Kemp, Barry J. (2006). Ancient Egypt: Anatomy of a Civilization, 2nd Ed, Routledge Publishing House, London, UK.

6- Lloyd, Alan B. (2010). A Companion to Ancient Egypt, Oxford University Press, Oxford, UK.

7- Lochtheim, Miriam. (1976). Ancient Egyptian Literature, Volume 11, University of California Press, Berkeley, USA.

8- Maspero, Gaston. (2002). Popular Stories of Ancient Egypt, Translated by Mrs. C.H.W. Johns, Second Edition, Oxford University Press / ABC-CLIO, UK.

9- Moldenke, Charles E. (1898). The Tale of Two Brothers: A Fairy Tale of Ancient Egypt (The Hieratic Text), Watchmaker Publishing, USA.

10- Quirke and Spencer, Stephen and Jeffrey. (2006). The British Museum Book of Ancient Egypt, British Museum Press, UK.

11- Robins, Gay. (1993). Woman in Ancient Egypt, Harvard University Press, Cambridge, USA.

12- Salim, Rana. (2013). Cultural Identity and Self-presentation in Ancient Egyptian Fictional Narratives. An Intertextual Study of Narrative Motifs from the Middle Kingdom to the Roman Period, PhD Thesis, Department of Cross-Cultural and Regional Studies, Faculty of Humanities, University of Copenhagen.

13- Simpson, William Kelly. (2003). The Literature of Ancient Egypt, An Anthology of Stories, Instruction, Stelae, Autobiographies and Poetry, Yale University Press, New Haven, USA.

14- Taylor, John H. (2001). Death and the Afterlife in Ancient Egypt, University of Chicago Press, Chicago, USA.

15- Trigger, Bruce G. (1983). Ancient Egypt: A Social History, Cambridge University Press, UK.

3 In Persian:

28. Ritzer and G. and Goodman, George and Douglas. (1393). Modern Sociological Theory, translated by Khalil Mirzaei and Abbas Lotfizadeh, second edition, Sociologists Publications, Tehran, Iran.


29- Mohseni, Manouchehr. (1386). Sociology of Deviations, First Edition, Tahouri Publishing House, Tehran, Iran.

30- Wathuqi and Khalq, Manso and Ali Akbar Nik. (1373). Foundation of Sociology, Seventh Edition, Khardmandan Publishing House, Tehran, Iran.

5.4 British Museum website:

31- The British Museum, www.britishmuseum.org/collection/object/Y_EA10183-10?selectedImageId=438155001.

پاشکۆ



وێنەی بەشێك لە پاپیرۆسی چیرۆکی دوو برا لە مۆزەخانەی بەریتانی (The British Museum Site)